# ئەمین مەعلووف:

## ئەو جیهانەی خەونی پێوە دەبینم و خەونم پێوە دەبینی، ئەو جیهانە نییە کە ئێستا دەیبینم..

## ئەو جیهانەش نییە کە سبەی منداڵەکانم و نەوەکانم تیا دەژین




و: شیرین. ک

ساڵی 1983 کە ئەمین مەعلووف کتێبی (الحروب الصليبية كما رآها العرب)ی بە فەرەنسی بڵاوکردەوە، بە خەیاڵیا نەدەهات کە ئەو کتێبە ناوازەیە ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەمدا دەکاتەوە، دوای ئەو سەرکەوتنەی بەدەستیهێنا لە فەرەنساو لەو وڵاتانەی تر، کە کتێبەکەیان وەرگێڕابووە سەر زمانی خۆیان.

کتێبەکە لە قۆناغێکی ناسکدا دەرچوو، دیالۆگ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بە دژواری و بەدحاڵیبوونێکی زۆر بارگاوی بوو بوو.. مەسەلەی جەنگی خاچپەرستان خۆی هەمیشە وروژێنەری مشتومڕێکی مێژوویی و ئایینی بووە لە نێوان مێژوونووس و زانا عەرەبەکان و رۆژهەڵاتناسە خۆرئاواییەکان و مێژوونووسانیان و سوسیۆلۆژییەکان و سیاسەتمەدارەکانیش.

کتێبەکەی ئەمین مەعلووف تیشکێکی بەهێزی خستە سەر ئەو مەسەلەیە لە ڕوانگەی مێژوونووس و وەرگێڕە عەرەبەکانەوە، لەمەشدا زۆر بابەتییانە

خوێندنەوەی بۆ ئەو قۆناغە کردبوو. ئەم کتێبە وەکو (ڕۆمانێکی ڕاستەقینە) وایە، کە مەیلی دروستکردنی مێژووی هەبێ، زیاتر لەوەی مەیلی دروستکردنی گێڕانەوەو باسکردنی هەبێ..

هەر ئەم کتێبە دەرگای ڕۆمانی مێژوویی لەبەردەم ئەمین مەعلووفدا والآکردو ئەو ڕێگەیەی بۆ خۆشکرد، کە دواتر گرتیەبەر.. دوای سێ ساڵ ڕۆمانی (لیون الافریقی-1986)ی دەرکرد، تیایدا باسی کەسێتیی (حسن بن محمد الوزان)ی کردووە، کە بە(الغرناطي)و (الافریقی) ناسراوە. دوای دوو ساڵی تر ڕۆمانی (سمرقند- 1988)ی چاپکرد، کە تیایدا نوقومبوونی تایتانیك-ی بەناوبانگ و چوارینەکان-ی عومەر خەیام و گرووپی حەشیشەکێشەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەیان ڕۆمانێکی زۆر سیحرئامێزو جوان بوو، چونکە ڕووداوەکانی لە سیفەتی مێژووییەوە دەبردە ئاستێکی بەخەیاڵکراو. دواتر ساڵی 1991 (حدائق النور)ی دەرکرد، کە سەبارەت بە کەسێتیی (مانی)یە، دامەزرێنەری ئایینی مانی. ئینجا ڕۆمانی (القرن الاول بعد ڤیاتریس- 1992)، کە خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (ئەم ڕۆمانەم بۆیە نووسیوە تا ڕوانینی خۆم لەسەر ڕەگەزی مێ ڕوونبکەمەوە) (جگە لەوەی ڕۆمانەکە پێشبینیکردنێکی زۆری تیایە لەبارەی ئایندەوە، کە زۆرێکی هاتوونەتە دی و ڕوویانداوە.. وەرگێڕ). (صخرة طانیوس- 1993)، کە خەڵاتی گۆنکۆری ئەدەبی-فەرەنسیی پێوەرگرت، دوای ئەویش (موانیء المشرق) (کە باس لە پێکەوە هەڵکردن و لێکخۆشبوونە.. وەرگێڕ). (الهویات القاتلە) (کتێبێکی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ئینتیماو گلۆباڵیزم و شوناس.. وەرگێڕ). ساڵی 2000یش ڕۆمانی (رحلە بالدسار)ی بڵاوکردەوە، کە گەڕانە بەدوای چارەنووسی مرۆڤدا.. دواڕۆمانیشی 2004 (بدایات) گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان و کەشفکردنی بنەو بنەچەو قسەکردنە لەسەر کۆمەڵگە فرەڕەگەزو فرەئاینییەکان و خولیای کۆچ و سەفەر..

ناتوانین ڕۆمانەکانی (ئەمین مەعلووف) لە جیهانێکی تایبەت و جۆرێکی تایبەتیدا قەتیس بکەین.. کارەکانی چەندە ڕۆمانن، ئەوەندەش مێژوون. ئەم نووسەرە لوبنانییە- فەرەنسییە توانیویەتی لەڕێی ڕۆمانەکانییەوە بەسەر شارستانی و کولتوورو گەلاندا بکرێتەوە، جۆرێ لە دیالۆگ-ی ڕاستەقینە بکات، کە تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکان و شووناسە ئەسڵییەکان ناسرێتەوە. ئەمجۆرە ڕۆمانانەی هەر لە ماوەیەکی کەمدا ڕەواجێکی جیهانییان بینی، چونکە هەموو مرۆڤێك دەدوێنێ، لە هەر جێیەك بێت و ڕوو لە یادەوەری و خەیاڵ دەکات، لەهەمانکاتداو دەبوو ئەو جۆرە ڕۆمانانە وەکو کتێبی گیرفان بەزنجیرە بڵاوبکرێنەوە..

تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵەو لە نێوان پاریس و ئەو دوورگە ئەتڵەسییەدا نیشتەجێیە کە پەنای دەباتە بەر، بەخۆی و کتێب و پەڕەکانییەوە.. ساڵی 1976 لە کاتی هەڵایسانی جەنگدا لوبنانی جێهێشت، سەرەتا بووە ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (النهار)، ئینجا بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری (جۆن ئەفریك- ئەفەریقای لاو)، کە لە پاریس دەردەچێ، کاتێ دەستیشی بە ڕۆماننووسین کرد، وازی لە ڕۆژنامەگەری هێنا، بەڵام لە دوورەوە چاودێریی سیاسەتی دەکرد..

ئەمین مەعلووف لە یەك کاتد نووسەرێکی لوبنانی و فەرەنسییە، سەرۆك (جاك شیراك) ڕستەکانی بە نموونە دێنێتەوەو چەندین جار داوای لێکردووە لە سەفەرەکانیدا لەگەڵیدا بێت.

لە ماڵەکەیدا لە پاریس، ڕۆژنامەی (الحیاە) بە چەندین سەعات لەگەڵیدا دانیشتووەو ئەم دیالۆگەی لەگەڵدا کردووە...

***لەدوا کتێبتدا لایەنی وشەی (اصول.. بنەچە) دەگری و جیای دەکەیتەوە لە وشەی (جذور-ڕەگ) وای دادەنێی، کە مرۆڤ پێویستی بە ڕەگ نییە، بەقەد ئەوەی پێویستی بە (بن و بنەچە)یە، درەخت بە نموونەیەکی زیندووی ئەو بیرۆکەیە دێنێتەوە. چۆن ئەم بیرۆکەیە روون دەکەیتەوە، کە بە نادیاری ماوەتەوە، بەتایبەتی وشەی (بنەچە) لەزمانی عەرەبیدا ئاماژەی دووری هەیەو هەر لە وشەی (أصول)ەوە وشەی (أصولیە) وەرگیراوە؟**

–ئەو جیاکارییەی کردوومە پەیوەندیی بە زمانی فەرەنسییەوە هەیە، کاتێ کتێبەکە تەرجەمە کرا بۆ عەرەبی، لەگەڵ (نهلة بیضون)ی وەرگێڕدا قسەم کرد، ئەو وشەی (بدایات– سەرەتاکان)ی پێشنیازکرد، وشەی (أصول) مانای جیاواز هەڵدەگرێ، جگە لە وشەی (أصولیە)، کە زۆر تایبەتمەندە. (الاصول) لە یادەوەریی مندا ئاماژەی تری هەیە، بۆ نموونە پرنسیپی ڕێزمان، واتە پرنسیپەکان– بیرۆکەکە مێژووییە، من جیاوازی دەکەم لە نێوان وشەی (origines) و وشەی (Racines)، چونکە دووەمیان لای من بە مانای جەختکردنە لەسەر خاڵی دەرچوون، بەڵام لەسەر حسابی ئەو ڕێگایەی کە لەو خاڵەوە دەرئەچێت. مێژووی لوبنانییەکان مێژووی ئەو ڕێگەیەیە کە لوبنانییەکان گرتوویانەتەبەر، لێرەدا بەتەنیا مەبەستم خێزانەکەی خۆم نییە، بەڵکو هەمووان، خێزانەکانمان، هەموو خەڵکیان هەیە بەرەو ئەمەریکای باکوور یا باشوور ڕۆیشتوون، یان بەرەو ئوستراليا یا ئەفەریقا یا ئەوروپا چوون.. کەس ناتوانێ مێژووی خۆی بگێڕێتەوە بێئەوەی چیرۆکی ئەو ڕێگەیە بگێڕێتەوە، کە ئەو کەسانە گرتوویانەتەبەر. کاتێ من مێژووی خێزانەکەم دەگێڕمەوە ڕاستە باسی (عین القبو)و (صنین) دەکەم، بەڵام بەڕاستی کاتێ بە خۆم دەزانم زیاتر باسی باپیری دایکم دەکەم، کە لە ئەستانبوڵ قازی بووەو لە صیدا–شەوە چۆتە ئەستەنبوڵ، لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەستانبوڵەوە چۆتە شاری (تەنتا) لە میسر، دایکم لەوێ لە (تەنتا) لەدایکبووەو دواتر خێزانەکەی چۆتە (قاهیرە)و لەوێ دایکم و باوکم زەماوەندیان کردووە. مامە گەورەکەم کە ناوی (فەخری) بووە کۆچی کردووە، بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام ناوی هەمیشە لەناو خێزانەکەدا ئامادەیی هەبووە، کە منداڵ بووم هەمیشە ئەو مامەم بۆ من مەتەڵێکی گەورە بوو. ئەو مامە بوو کە بە درێژایی چەندین ساڵ هیچ هەواڵێکیمان نەدەزانی و لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا گەورە بووم، یەکەمجار کە هەواڵی گەیشت بۆ خێزانەکە شتێکی گرنگ بوو.. ئەوکاتەی پەیوەندیی پێوەکردین تەمەنم شازدە ساڵ بوو، نەنکم بۆ یەکەمجار لەژیانیدا سواری فڕۆکە بوو، تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، بۆ ئەوەی ئەو کوڕەی ببینێ، کە لەساڵی 1930یەوە کۆچی کردبوو. ئەو چیرۆکەی درەنگوەختێك پێمزانی، چیرۆکی ئەو خێزانە بوو لە کوبا کە (نصری المعلوف)ی مامم بۆی باسکردم. باسی (جبرایل)ی مامی کرد، کە کاتی خۆی کۆچی کردووە بۆ کوباو هەر لەوێ لە باروودۆخێکی تەمومژاویدا کوژراوە یان بە ڕووداوێك مردووە. بەم دواییانە بەسەرهاتی ئەو خێزانەی کوبا–م کەشفکرد، بەلامەوە پڕبایەخ بوو و بووە بەشێك لەو مێژووە. لە ماڵی نەنکم چەندین نامەم دۆزییەوە، کە لە نێوان (بطرس)ی باپیرم و ئەو برایەی کە لە کوبا بووە ئاڵوگۆڕ کرابوو، هەروەها بۆمدەرکەوت کە (بطرس)یش بەڕاستی بیری لە کۆچ کردۆتەوە بەرەو ئەمەریکا – هەموو ئەو چیرۆکانە وامليدەکەن بڵێم، کە گرنگترین شت لە مێژووی ئێمەدا ڕێگەیە، بەڵکو لە خاڵی دەرچوون–یش گرنگترە، کە لێوەی ڕێگاکە دەستپێدەکات.

*** ئا لێرەوە بیرۆکەی (أصول) هات؟**

–بەڵێ ئا لێرەوە ئەو بیرۆکەیە هات.

*** بەڵام وەکو زمان چۆن جیاوازی لە نێوان وشەی بنەچەو ڕەگدا دەکەی؟**

-وشەی (أصول- origines) واتە ئەوەی لێوەی دەردەچی یان (ئەسڵی ڕێگاکە) مەبەستمان ئەو خاڵەیە کە ڕێگەکەی لێوە دەستپێدەکا، بەڵام وشەی (جذور- Racines) واتە ئەو شتەی لە زەویدا دەچەقێنرێ و نەشونما دەکات تیایدا، کەواتە (أصول) ئەو خاڵەیە کە لێوەی دەرئەچین بەرەو شوێنەکانی دی.

***لەدوایین ڕۆمانتدا (بدایات) دوو باپیرە هەن (جبرایل)و (بطرس)، کە هەردووکیان دیالێکتیکی مانەوەو دەرچوون نمایش دەکەن، واتە دیالێکتیکی (ڕەگ و بنەچە).**

-ڕاستە.

***بەڵام ئەو بطرس-ەی کۆچکردنی ڕەتکردەوە لەو باوەڕەدای کەسێکی خاوەن ڕەگوڕیشە بێ؟**

-بێگومان، ڕەگی هەیە، ئەم جیاکارییە بەمانای ئەوە نییە من دژی ڕەگ بم، تاقە شت ئەوەیە من خاڵی دەرچوون کە بنەچەیە دەخەمە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە کە ڕێگەیە، دەڵێم مێژووەکەمان خاڵی دەرچوونەو ئەو ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر بە عەمەلی هەموو دنیا دەگرێتەوە.

***ئەی سەبارەت بەو بوونەوەرەی نیشتەجێیەو ئەوەی تاراوگەکراوە؟**

-ئەوە جەدەلییەتی تاکی لوبنانییە. بطرس-ی باپیرە ئەو بیرۆکەیەی هەبوو کە لای هەموو یەکێکمان هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز.. هەروەکو ئەوەی بڵێ: من بە خاکەکەمەوە بەستراوم و بەرپرسیارێتی-م هەیە بەرامبەر نیشتمانەکەم و گەلەکەم و خێزانەکەم و ناتوانم کۆچ بکەم و بڕۆم. بەردەوام ئەمجۆرە قسانە لەو نامانەدا هاتوون کە ناردوونی بۆ براکەی لە تاراوگەکەی لە ئەمەریکا. دەکرێ هەمووومان کۆچبکەین و هەموو شت دوای خۆمان جێبهێڵین؟ کەچی دوای چەند ڕستەیەك دەڵێ: بیر لە کۆچ دەکەمەوە. ئەو دژوارییە جوانە یان هیچ نەبێ دەتوانم بڵێم ئەو ململانێیەی بطرس تییدا ژیاوە شتێکی جوانە. ئەو ململانێیە لە دەروونی هەموو لوبنانییەکدا هەیە، مرۆڤ سی ساڵ لە تاراوگە بەسەردەبات، ئینجا ڕووداوێك لە وڵاتەکەیدا ڕوودەدا، هەموو خەمی دەبێتە ئەوەی بزانێ چی ڕوودەدا لەوێ. قسەو مشتومڕ دەکات و دڵی لای وڵات دەبێ. کەچی لەهەمانکاتدا لێی دوورە، ئەگەر پێشیان وت مانەوە یان گەڕانەوە هەڵدەبژێری، ناگەڕێتەوە، بەڵام هەر خەیاڵی لای وڵاتەکەشی دەمێنێتەوە، بیری لێدەکاتەوە، هەستی لای خەڵکەکەیەتی، لەدەروونی هەموو لوبنانییەکدا ئەو دووفاقییە هەیە.



بەرگی ڕۆمانی سەمەرقەند

*** باشە دواجار تۆ ئەمین مەعلووف-ی کۆچبەری**

**یا تاراوگەکراو، لایەنگری ئەزموونی جبرایل-ی یا ئەزموونی کۆچ؟**

-بەڵێ و نەخێر.. لەو باوەڕەدام هەموو چرکەیەك لەو دژوارییەدا دەژیم، هەست بە ئینتیمای خۆم دەکەم بۆ نیشتمان و لەهەمانکاتدا دوای ئەوەی بۆ چەند هەفتەیەکی دوورودرێژ چاودێریی ئەوە دەکەم کە روودەدا، شتی وا روودەدا واملێدەکا لە لوبنان دوورکەومەوە. ئەم حاڵەتەم لای زۆرکەس تێبینی کردووە. موتابەعەی ئەوە دەکەین کە روودەدا، حەماس دەمانگرێ، کۆبوونەوە دەکەین، بڕیار دەدەین شتێك بکەین، دوایی لەبەر هەر هۆیەك بێ لەوانەیە بەهۆی جۆری سایکۆلۆژییەتمانەوە بێ دوور ئەکەوینەوەو هەموو شت پشتگوێ دەخەین.

*** مەبەستت سایکۆلۆژییەتی لوبنانییە یان سایکۆلۆژییەتێکی تایەت؟**

-جیاوازی نییە لەنێوانیاندا.. لەو باوەڕەدام هەموو ئەو خراپییانەی لەخودی خۆمدا دەیبینم لەو پێکهاتە تایبەتەوە هاتووە کە پێکهاتەیەکی دەستەجەمعییە تا ڕادەیەك..

***دەتوانین هەر لێرەوە لەو دوولایەنییەی شووناسە فەرەنسیانەیەت تێبگەین؟ ئەوەتا لە کتێبەکەتدا (شووناسە بکوژەکان) کاتێ سەبارەت بە شووناسە دوولایەنەکەت پرسیارت لێدەکەن، دەڵێی: تۆ لەهەمانکاتدا لوبنانی و فەرەنسیت؟**

-من لوبنانیش و فەرەنسیشم، بەڵام بەهەمان شێوە نا، ئینتیمایەکی عەقڵانی و ئینتیمایەکی ناعەقڵانیش هەیە، واتە عاتیفی و ویژدانی، یا هەر خۆڕسکانە.. ئینتیما عەقڵانییەکە دەڵێ: کاتێ مرۆڤێك سی ساڵ لە وڵاتێکدا ژیا دەبێ وەکو وڵاتی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بکات نەك وەکو وڵاتێکی غەریب و وەکو وێستگەیەك تیایدا چاوەڕوان بێت کە لێوەی بچێت بۆ وڵاتێکی تر، کەواتە هەستی من ئەوەیە کە دەبێ مرۆڤ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا خۆ بگونجێنێ. لەهەمانکاتدا پەیوەندیم بە لوبنانەوە جیاوازە، چونکە ئەو وڵاتەیە کە تیایدا لەدایکبووم و پەروەردەبووم، تیایدا یادەوەریی منالی و لاوێتیم هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە لەسەردەمی منالیمەوە لە ترایژیدیادایە، کاتێکیش وڵاتێك لە حاڵەتی تراژیدیادا دەبێ مرۆڤ ناتوانێ بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە لەگەڵ وڵاتێکی تەندروستدا دەیکات. راستە فەرەنساش وڵاتێکە کێشەو قەیرانی خۆی هەیەو بە قۆناغێکدا تێئەپەڕێ کە بەدوای پێگەی خۆیدا دەگەڕێ لەم جیهانەدا، بەڵام لەو شڵەژاوییەدا ناژی کە لوبنان و ناوچەکە تیا دەژین. هەموو رۆژ دەپرسین: لە وڵاتەکە چی دەمێنێتەوە؟ چی بەسەر ناوچەکە دێ؟ چی لە کولتوورەکەمان دەمێنێتەوە؟ ئەو هەموو تراژیدیایەی پێش سەد ساڵ هەبووەو ئێستاش هەیە بەردەوام هانمان دەدا بۆ پرسیارکردن. کاتێ قسەکانی باپیرەم دەخوێنمەوە چۆن وەسفی (تراژیدیای رۆژهەڵات) دەکات، وەکو خۆی دەیووت، لێکچوونێك دەبینم لەنێوان ئەو قۆناغە کۆنەو ئەم قۆناغەی ئێستادا، ئێستاش هەر هەمان پرسیارکردن هەیە: چ پەیوەندییەکمان بە ڕۆژئاواوە هەیە؟ کوا پێگەمان لەم جیهانەدا؟ پەیوەندیمان بە مۆدێرنەوە چییە؟ رەنگە لەم چرکەیەدا پرسیاری گەورەتر هەبێت: ئایا ئێمە بەرەو تووانەوە دەچین چ لەسەر ئاستی لوبنان وەکو وڵاتێك و چ لەسەر ئاستی ئەو شارستانییەتەی ئینتیمامان بۆی هەیە؟ بوونمان دەمێنێ؟ لەسەر بناغەی ئەو شارستانییەتە لوبنان بنیات دەنرێتەوە؟ ئایا لوبنان بەردەوام دەبێ و لە جیهاندا رۆڵێك دەگێڕێ و بە فیعلی بەشداری دەکات لە بنیاتنانی ئایندەدا لەسەر ئاستی هەموو جیهان؟ ئەو پرسیارانە ناتوانرێ لەسەر ئاستی فەرەنساو ئەوروپا بکرێ.

*** ئەو ئینتیما فەرەنسییەت چی پێبەخشیت؟ ئایا ئەوەی پێبەخشیت کە ئینتیما لوبنانییەکەت پێی نەبەخشیویت؟**

—لەو باوەڕەدام ئەوەی لەم سی ساڵەی دواییدا تیای ژیاوم مانای ئەوە نییە کە لایەنی ڕۆژئاوایی بەسەر کەسێتیمدا زاڵ بووبێت، بەڵکو پەیوەندیم لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوادا فراوانتر بوو، کە خۆی لەبنەڕەتیشدا هەر هەمبووە، ئەمەش بۆ پێکهاتەی لوبنانی و سیستەمی خوێندنی لوبنانی دەگەڕێتەوە. لە چەندین نەوە لەمەوبەرەوە پردێك هەیە روو لە خۆرئاوا دەکات، لەهەمانکاتدا پەیوەندیم بە لوبنان و ناوچەکەوە قوڵتر بووەوە، چونکە بە دوورکەوتنەوەم لە لوبنان تێڕوانینێکی جیاوازم لەلا دروستبوو، واملێهات زیاتر ناوچەکە بناسم. بەمانا فراوانەکەی کە لوبنان بەشێکە لەو ناوچەیەو بێ بە کرۆکی بایەخپێدانم. کە لە لوبنان دەژیام زانیاریم لەسەر وڵاتانی مەغریبی عەرەبی زۆر سنووردار بوو، بەڵام لە فەرەنساوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵم لەگەڵ مەغریبدا بۆ دروستبوو، واملێهات مێژوو و کولتوورەکەی باش بناسم، هەر بەمجۆرەش پەیوەندیم بە ئێرانەوە، دوو کتێبم لەسەر ڕێڕەوی شارستانێتیی ئێران داناوە. مرۆڤ کە دوور دەکەوێتەوە شتەکان لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا دەبینێ. بەڕای من ئەو شارستانییەتەی لوبنان ئینتیمای بۆی هەیە، لە سەمەرقەندەوە درێژ دەبێتەوە بۆ طنجة، تەنانەت تا ناوەڕاستی ئاسیاش، لە نیشتەجێبوونمەوە لە فەرەنسا هەستم بەم شتانە کرد، کە لە لوبنان بووم شتەکانم بەهەمان شێوە نەدەبینی، هەروەها شتێکی تر هەیە پەیوەندیمان بە جیهانی عوسمانییەوە. لە لوبنان تێڕوانینێکی نیمچە جێگیر هەیە بۆ عوسمانییەکان، کەوا ئەوان بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ دەستیان بەسەردا گرتووین. مرۆڤ لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی شتەکان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دەبینێ. لێت ناشارمەوە ئەوەم بۆ روونبووەوە کەوا باپیرم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا تێڕوانینێکی کراوەی هەبووە. ئەو دەیووت: من عوسمانییەکم لە (جبل لوبنان)، ئەو بە تەنیا خەونی بە نوێبوونەوەی لوبنانەوە نەدەدی، بەڵکو بە نوێبوونەوە هەموو جیهانی عوسمانییەوە دەدی، خۆی بە بەشێك لەو جیهانە دەزانی، ئەو سی ساڵەی لە ئەوروپا بەسەرم برد پەیوەندیمی بە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیشەوە بەهێزکرد.

***لەو باوەڕەدا نیت کە دەکرێ وا وەسف بکرێی: نووسەرێکی لوبنانی بە فەرەنسی دەنووسێ، هەروەکو جۆرج شحادەو نادیا توێنی و صلاح ستێتیە، بەتایبەتیش کە تۆ دەڵێی عەرەبی زمانی دایکە لای تۆ، ئایا تۆ نووسەرێکی فەرەنسییت یان نووسەرێکی لوبنانی بە فەرەنسی دەنووسێ؟**

—یەکەم هەستی خۆڕسکانەم پێش ئەوەی بیر لە مەسەلەکە بکەمەوە، ئەوەیە کە من نووسەرێکی لوبنانیم، بەڵام دوای پۆلێنکردن شتەکە دەگۆڕێ. زمانی عەرەبی زمانی دایکە بۆ من، هەر بەتەنیا زمانی دایك نییە، بەڵکو من سەرەتا بە عەرەبی نووسینم دەستپێکرد و ژیانی پیشەییم بەو زمانە دەستپێکردووە، رەنگە گەر لە لوبنان بمامایەتەوە یان هیچ نەبێ ئەگەر جەنگ روونەدایە لوبنانم جێنەدەهێشت، دڵنیام لەمە، بەڵکو هەر بیریشم لە کۆچ نەدەکردەوە.

*** بەڵام تۆ کە لە لوبنانیش بوویت پێش جەنگ هەر فرانکفۆنی بووی؟**

—لە هیچ لوبنانییەکی تر فرانکفۆنی تر نەبووم، ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم لە ڕۆژنامەی (النهار)ەوە دەستپێکرد، بێگومان فەرەنسیم دەزانی، چونکە هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانە خوێندوومە، ئەگەر پرسیار لە سەرچاوەی رووناکبیریی من بکەی، پێت دەڵێم سەرچاوەکەی عەرەبی

و فەرەنسی و ئینگلیزییە، بەڵام زمانەکەم عەرەبی بوو، لەو باوەڕەشدام ئەگەر جەنگ ڕووینەدایە، نە لوبنانم جێئەهێشت و نە زمانی عەرەبی.

***چارەنووسی خۆت چۆن دێتە پێشچاو، گەر قەدەر واینەکردایە لە سەرەتای جەنگدا کۆچ بکەی؟**

–قورسە بزانم چارەنووسم چۆن دەبوو دوای سی ساڵ لە کۆچ، لەوانەبوو دەقی گێڕانەوەم نەنووسیایە یان دەقەکانم کەمتر گێڕانەوەی تیابووایە.. ئەو بایەخەشم نەدەدا بە سیاسەت، ڕەنگە بەشێك لە کتێبەکانم بە فەرەنسی و بەشێکی تریم بە عەرەبی بنووسیایە. چوونە پاریسم وایکرد کە ئاسایی بە فەرەنسی بنووسم، کە زمانی ئەو کەسانەیە لەنێوانیاندا دەژیم، هەروەها وایکرد لە خەمە سیاسییەکان دوورکەومەوەو لەدوورەوە چاودێریی سیاسەت بکەم، وەکو بایەخدانێك بە مەسەلە مرۆڤایەتییەکان. واتە چاودێریکردنم هەبێت نەك بەشداریکردن. دیارە زۆر شت دەگۆڕا گەر لە لوبنان جەنگ ڕووینەدایە، بەڵکو دەبووە وڵاتێکی تر، بەتایبەتی کە دەیتوانی سوود لەو هەموو هاوردە عەرەبییانە وەرگرێ و پێشی بخات.. بەڵام نازانم چۆن..

***کەواتە جەنگ هۆکاری ڕاستەوخۆو تاقە هۆکار بوو بۆ کۆچکردنت؟**

–ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ساڵانی 1973و 1974 واتە پێش جەنگ بەماوەیەکی کەم، دەهات بە خەیاڵمدا بچمە پاریس و خۆم لە زانکۆیەك ناونووس بکەم، بەڵام هەر بۆ ماوەی ساڵێك، من بە پێچەوانەی هەندێ لە هاوڕێکانمەوە لە فەرەنسا نەمخوێندووە، بەڵکو لە لوبنان، بەڵام هەمیشە جۆرە هەستێکم هەبوو کە دەبێ ساڵێك لە دەرەوە بخوێنم و کەشوهەوای زانکۆی ڕۆژئاوا ببینم و ئینجا بگەڕێمەوە بۆ لوبنان. لەو باوەڕەدام ئەگەر شتەکان بە ئاسایی بەڕێوە بچوونایە هەر ئەمە ڕوویئەدا. هەروەها ئەگەر جەنگ ڕووینەدایە، لەوانەبوو لەگەڵ ڕۆژنامەی (النهار) ڕێبکەوتمایە –کە کارم تیادەکرد– بۆ ماوەی ساڵێك سەفەر بکەم و بڕۆمە دەرێ و لەوێوە پەیوەندیم هەبێت لەگەڵیان و لەهەمانکاتیشدا شتێکم بخوێندایەو بگەڕامایەتەوە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کۆچ بکەم بۆ هەندەران و ساڵانێکی دوورودرێژ لەوێ بەسەربەرم ئەو بیرۆکەیە هەر لە مێشکما نەبوو، ئەوە جەنگ بوو پاڵی پێوەنام کۆچ بکەم.. وامدەزانی ئایندەم لە لوبناندا دەبێ، نەدەهات بە خەیاڵمدا بۆ یەك چرکەش کە من دەبمە کۆچبەرو ئایندەم لە دەرەوەی لوبناندا دەبێ.

***لەسەرەتای جەنگدا لایەنگری هیچ لایەنێکت کردووە؟ چەپ بووی یان ڕاستڕەو؟**

–کە جەنگ دەستیپێکرد تاقە خولیام ئەوە بوو لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێمدا پێکەوە کۆببینەوەو پێکەوە بەوپەڕی بەرائەتەوە بیربکەینەوە چۆن ئەم جەنگە ڕابگرین، بەڵام ئەوەندەی نەبرد تێگەیشتین کە ئێمە (منداڵ) بووین و بەتەنیا دە هاوڕێ لە تایەفەی جیاجیا بە ئاشنایی و خۆشەویستییەوە کۆبووینەتەوە، ناتوانین هیچ بکەین. ئێمە کۆبووینەوەو قسەمانکردو مشتومڕمان کرد، ئینجا تێگەیشتین کەوا جەنگ ئێمەی تێپەڕاندووەو ئێمە بەتەنیا ڕەگەزێکی لاوازین. زۆر باشیش بیرمە تەنیا بۆ چرکەیەکیش نەهاتووە بە خەیاڵمدا لایەنگریی لایەنێك بکەم دژ بە لایەنێکی دی و بەهیچ جۆرێ حەزم نەکردووە بچمە نێو ئەو جەنگەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە.

***وەکو زۆربەی چەپەکان خەونی گۆڕینی واقعی لوبنانیت نەبوو؟**

–جەنگ و توندوتیژی و چەك.. شتگەلێکن پەیوەندییان بە منەوە نییە.. تەنانەت ڕۆژێ لەڕۆژان راویشم نەکردووە.. من بەردەوام لە کەشێکی ڕۆژنامەوانی و فێرکاریدا بووم.. هیچ یەکێك لە

هاوڕێکانم یا له کەسوکارم له بیرۆکەی جەنگەوه نزیك نەبوون.. پێت دەڵێم دوو شت هەیه پەیوەندیم پێیانەوه نییه: پارەو چەك.. کاتێکیش ژیانی گشتی یان سیاسەت پەیوەست دەبێ به پاره یان چەکەوه ئیتر پەیوەندیم پێوەی نامێنێ. تاقه شتێك که حەزم لێیەتی فیکرو مشتومڕو دیالۆگه. له زانکۆ کۆڕی مشتومڕی سیاسیمان دەگرت و مەسەلەکه گرنگ بوو، بەڵام که جەنگ هەڵایساو چەك تەشەنەی کرد، بێ دوودڵی پاشەکشەم کرد. هەر له سەرەتاوه ئەوەم ڕەتکردەوه منداڵەکانم له کەشوهەوای جەنگدا پەروەرده بن. زوو ژنم هێناوه، تەمەنم بیست و دوو ساڵ بوو، که کوڕه گەورەکەشم لەدایکبوو تەمەنم بیست و سێ ساڵ بوو، له تەمەنی بیست و حەوت ساڵیمدا سێ منداڵم هەبوو، کەواته که جەنگ ڕوویدا ئێمه خێزانێك بووین، که دەبی به خێزاندار به جۆرێکی جیاواز ڕەفتاردەکەیت. خەمی منداڵەکانت دەخۆی، دەترسی لەوەی له جەنگدا بژین و دوایی ببنه چەکدار، له بازگەیەکدا بوەستن و یەکێك بکوژن و دوایی به هەموو تەمەنیان پەنجەی پەشیمانی بگەزن، له ئەنجامی کەرێتییەکدا که لەدەستیان قەوماوه.

***با بگەڕێینەوه سەر مەسەلەی زمان، ئەگەر عەرەبی وەکو دەڵێی زمانی دایك بێ بۆ تۆ، ئایا فەرەنسی زمانی ئەو دایکەته که تەبەنیی کردووی؟**

–بەڵێ فەرەنسی زمانی تەبەنیمه، بەڵام زمانی ئەو دایکه نییه که تەبەنیی کردووم. دان بەوەدا دەنێم که پەیوەندییەکی گەرموگوڕم به زمانی فەرەنسییەوه دروستکردووه له ماوەی ئەم سی ساڵەمدا که له پاریس بووم، هەرچەنده گەلێ هاوڕێی لوبنانی و عەرەبم هەیه، بەڵام ئەو زمانەی زیاتر بەکاریدێنم فەرەنسییه، بەتایبەتی له ژیانی ڕۆژانەدا واملێهاتووه به زمانی فەرەنسی ئاسانترو ئاساییتر تەعبیر له هزرەکانم دەکەم، بەڵام که ماوەیەك له لوبنان یان وڵاتێکی عەرەبی دەبم (دیاره مەغریبی عەرەبی نا، چونکه لەوێ ناچارم هەر فەرەنسی بەکاربهێنم) یان که دێمەوه لوبنان ئیتر به ئاسانی تەعبیره عەرەبییەکانم بیردەکەوێتەوه، بەڵام به فەرەنسی باشتر تەعبیر دەکەم، چونکه مرۆڤ ئەو وشانەی که بەردەوام بەکاریاندێنێ ئیتر سەر به هەر زمانێك بێ خێراتر بۆی دێ وەك لەو وشانەی زۆر بەکاریان ناهێنێ، هەرچەنده باشیش بیزانێ. وشەکانی ئەو زمانەی مرۆڤ ڕۆژانه بەکاریاندێنێ ئاسایی و بەپەله وشەی دەداتێ، بەڕاستی پەیوەندییەکی گەرموگوڕم لەگەڵ زمانی فەرەنسی پەیداکردووه. به منالی له قوتابخانەیەك خوێندوومه که تیایدا زمانی فەرەنسی سەرەکی و گرنگ بوو، بەڵام له ماڵەوه به عەرەبی قسەمان دەکرد، له خێزانەکەماندا چەند تەقلیدێکی زمانەوانیی عەرەبی هەیه، لەبەر ئەوه له زمانی عەرەبییەکەمدا ئاسووده بووم، بەڵام له قوتابخانه زمانی فەرەنسی سەرەکی بوو، کەواته هەردوو زمانەکه لەیەك ئاستدا بوون، زمانی ئینگلیزیش به پلەی سێیەم بوو، هەرچەنده زمانی دووەمی باوکم ئینگلیزی بوو، بنەماڵەکەشمان زۆربەیان سەر به کەشوهەوای زانکۆی ئەمەریکی بوون، بەڵام وەکو دەزانی ئەوانەی له لوبنان زمانی دووەمیان ئینگلیزی بێت، زمانی عەرەبییەکەیان ئامادەو بەهێزه، بەپێچەوانەی ئەوانەی زمانی دووەمیان فەرەنسییه، ئەوانه زۆربەیان به فەرەنسیش قسەدەکەن، من له لوبنان حەزناکەم به فەرەنسی قسه بکەم، مەگەر له کاتی زۆر پێویستدا، له ماڵەوەشماندا قەت به فەرەنسی قسەمان نەکردووه. دانی پێدا دەنێم من تا ئێستاش نامۆم بەو زمانه فەرەنسییەی پێی دەوترێ (ئارگۆ) واته زمانی خەڵکی، بەلای منەوه فەرەنسی ئەو زمانەیه له کتێبەوه فێری بووم، لەبەر ئەوه که قسەی پێدەکەم هەندێك له

فەرەنسییەکان بەلایانەوە سەیرە، چونکە ئەو شێوازەی قسەی پێدەکەم لە کتێبەوە فێری بووم نەك لە میانەی قسەکردنەوە، دیارە بە تێپەڕینی کات شتەکان دەگۆڕێن، واتە لەڕێی ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەوە، بەڵام زمانەکەم بنەماکەی زمانی کتێبە.

***بەوە وەڕس دەبی کە پێت بڵێن نووسەرێکی فرانکفۆنی؟**

—حەزم لە وشەی فرانکفۆنی نییە.. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو ناوەڕۆکەیە کە نووسەرێك لە کتێبەکەیدا دایدەڕێژێ، بەڕای من بەکارهێنانی وشەی فرانکفۆنی روون نییە، کە پێشم دەڵێن نووسەرێکی فرانکفۆنی هەڵناچم، نە دەڵێم نەخێر و نە دەشڵێم وایە. من ئەو گوزارەیە بەکارناهێنم و بە ئاساییش بۆم نایە. بۆ نموونە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو نووسەرەی خەڵکی نایجیریا یا ئوستralیا یا هیندستانە پێی ناوترێ ئەنگلۆفۆنیا، هەمان شتیش بەنیسبەت زمانی ئیسپانییەوە، ئیتر ئەو نووسەرە خەڵکی کۆلۆمبیا بێ یان ئیسپانیا یان ئەرجەنتین.

لە زمانی فەرەنسیدا سیفەتی نووسەری (فرانکفۆنی) بەڕای من دەگاتە ئەنجامێك بەپێچەوانەی ئەو ئەنجامەوەی مەبەست بووە پێی بگات، ئەویش ئەوەیە جیاوازی بکرێ لەنێوان نووسەرێکی فەرەنسی و نووسەرێکی غەیرە فەرەنسی. کەواتە لەبری ئەوەی ئەو نووسەرانەی بە فەرەنسی دەنووسن کۆیان بکەنەوە، جیایان دەکەنەوە، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدام کە گوزارەی (فرانکفۆنی) سەرکەوتوو نییە.

***شاعیرێکی گەورەی وەکو جۆرج شحادە لە کۆتایی ژیانیا خەڵاتی فرانکفۆنیان پێبەخشی.**

—راستە. لەو باوەڕەدام فەرەنسییەکان لەو گوزارەیەدا بەهەڵەدا چوون.

***ئەی پاشەکشەی فرانکفۆنی لە جیهاندا چۆن دەبینی لەبەردەم زمانی ئینگلیزیدا؟**

—لە منالییەوە لەنێوان دوو کولتووردا گەورە بووم، جگە لە کولتووری عەرەبییش، خێزانی باوکم کولتووری ئینگلیزی بەسەریدا زاڵبوو، خێزانی دایکیشم کولتووری فەرەنسی بەسەریدا زاڵبوو، لە قوتابخانەیەکی فەرەنسیشدا خوێندوومە. بیرمە ئەوکاتە هەردوو زمانەکە لە جیهاندا لەهەمان ئاستدا بوون، بەڵام لەم دەیانەی دواییدا گۆڕانی گەورە روویدا، هەمیشە لە سەفەرەکانمدا تێبینیی ئەوە دەکەم، پێش بیست و پێنج ساڵ کە کتێبێکم دەردەچوو بۆ نموونە کە لە ئیسپانیا چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکرا، زۆربەی رۆژنامەنووسەکان فەرەنسییان دەزانی، بەڵام کە ئێستا دەچم بۆ ئیسپانیا دەبینم لەسەدا دەیان فەرەنسی دەزانن، باقییەکەی تری هەمووی هەر ئینگلیزی دەزانێ یان هەر ئیسپانی و وەرگێڕ بەکاردێنێ، ئەمە لەهەموو دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا وایە، بە دەگمەن یەکێك دەبینی تەمەنی لە خوار پەنجاوە بێ و فەرەنسی بزانێ.

***ئێستا فەرەنسییەکان خۆیان زاراوەی ئینگلیزی بەکاردێنن!.**

—راستە، بەڵام خۆ ئەوە دیاردەیەکی ئاساییە، هەرچەندە هەندێ لە فەرەنسییەکان پێی ئیزعاج دەبن، من بەو دیاردەیە ئیزعاج نابم.. ئەگەر مرۆڤ بتوانێ وشەو گوزارە لە زمانەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە و پەنا نەباتە بەر وشەی بیانی، ئەمە باشە، بەڵام ئەگەر نەبوو هیچ زیانێکی تیا نییە زمانێك پەنا بەرێتە بەر زمانێکی تر.. هەر بۆ نموونە، ئینگلیزەکان وشەی فەرەنسی بەکاردەهێنن، ئەمە جوانە، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان ئامادەیی زمانی فەرەنسی پاشەکشە دەکات، ناشتوانین خۆمان لەم پاشەکشەیە لادەین، زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێك کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

مامەڵەی لەگەڵدا دەکریّ، زۆر پێشکەوتووە ناتوانن رووبەڕووی ئەو پێشکەوتنەی ببنەوە، لەو باوەڕەدام تاقە زمانێك کە ئەمڕۆ ئەتوانیّ پێشبڕکیّ لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا بکات لە هەندیّ شوێنی دنیادا، زمانی ئیسپانییە. هەموو ئەمەریکای لاتین (تەنیا بەرازیل نەبیّ) هەمووی بە ئیسپانی ئەدویّ، تەنانەت لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا بوونی هەیە، کە قەڵای زمانی ئینگلیزییە، تەنانەت سەرۆك بۆش کە زمانزان نییە، هەندێجار لە خوتبەکانیدا وشەی ئیسپانی بەکاردەهێنیّ، بەڵام زمانی ئیسپانی ناتوانیّ ئەو رۆڵە ببینیّ کە زمانی ئینگلیزی دەیبینیّ. کاتیّ دەچیتە ئەڵمانیا یا هۆڵەندا یان هەر دەوڵەتێکی ئەسکەندەنافیا، دەتوانی بەبیّ وەرگێڕ لەبەردەم جەماوەردا بە ئینگلیزی قسە بکەی، چونکە خەڵکی وایانلێهاتووە زۆربەیان ئینگلیزی دەزانن، تەنانەت گەلیّ لە ناشیرەکان دەیانەویّ ئەو کتێبانەی کە بە ئینگلیزی نییە زوو بڵاوی بکەنەوە پێش ئەوەی بۆ زمانی ئینگلیزی وەربگێڕدرێت، چونکە تەرجەمە ئینگلیزییەکەی زیاتر خوێنەر رادەکێشیّ.

***هەست بەچی دەکەی کاتێك سەرۆکی فەرەنسا (جاك شیراك) چەند پەرەگرافێك لە کتێبەکانت بەنموونە دێنێتەوە یان کاتێك داوات لێدەکات لەگەڵیدا بچیت بۆ لوبنان؟**

–ساڵی 1996 لە یەکێك لە بۆنەکاندا بە یاوەریی سەرۆك شیراك چوومە بەیرووت، کاتێکیش سەرۆك شیراك یان هەر کەسێکی تر رستەیەکی من بە نموونە دەهێنێتەوە، نکووڵی لەوە ناکەم کە پێی دڵخۆش دەبم.

***لە لوبنان سیاسییەکان بەوە وەسفت دەکەن کە (ناوی لوبنانت بەرز کردۆتەوە) ئەم تەعبیرە لەکەڵك کەوتووەو فۆلکلۆریشە.**

–بەڵام لەو باوەڕەدام کە خەڵکی دەمخوێننەوە، سەبارەت بەو رستەیەی سەرەوە کە وەسفی منی پێدەکەن، نازانم چی بڵێم، کاتێکیش سەرۆکێکی وەکو شیراك بە نموونە دەمهێنێتەوە پێی دڵخۆش دەبم، بەڵام من ناگەڕێم بەدوای ئەوانەدا کە قسەیەکم بە نموونە ناهێننەوە.

***لەبارەی وشەی (شوناس)ەوە دەڵێی، کەوا وشەیەکی چەواشەکارە، چونکە لە هەموو وشەکان شەفافترەو لە هەمووشیان خائین ترە، خیانەتی شوناس لەکوێدایە؟**

–راستییەکەی لایەنە چەواشەکارەکەی شوناس لەوەدایە کە مرۆڤ زۆرجار یەك رەگەزی ناو شوناس دەخاتە بری هەموو شوناسەکە خۆی و وایدادەنیّ کە ئەو رەگەزە ئیتر ئایینی بیّ یا نەتەوەیی هەموو شوناسەکە لەخۆیدا چڕ یان کورت دەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا شوناس ئاوێتە بوونی چەند رەگەزێکە، ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمی ئەو کورتکردنەوەیەدا دەژین، ئەمڕۆ لە جیهاندا ئاراستەیەك هەیە کە شوناس لە ئایین یان نەتەوەدا کورتدەکەنەوە. لەبەر ئەوە لە کتێبەکەمدا (شوناسە بکوژەکان) جیاکاریم کردووە لەنێوان شوناس و ئینتیمادا، شوناس بە تاك بەکاردێنم و ئینتیماش بە کۆ، واتە ئینتیماکان. بەڕای من گوزارەی (ئینتیماکان) وردترە، چونکە چەندین ئینتیمامان هەیە، بەڵام هەموویان هەمان بایەخیان نییە، بەڵکو بە پلەیە، رەنگە لە قۆناغێکدا ئینتیمایەك لە هەموویان بایەخدارتر بیّ، بەڵام لە قۆناغێکی دواتردا ئەو بایەخەی نەمێنیّ. ئەمڕۆ خەڵکانێك هەن دەڵێن: پێش بیست ساڵ ئینتیمای کۆمەڵایەتییان بەلاوە گرنگتر بووە، وەك لە ئینتیمای تایەفە، ئێستاش کەسانێك هەن ئینتیمایان بۆ نیشتمان بەلاوە گرنگترە لە ئینتیمایان بۆ

تایەفەیەك. هەروەها كەسانی وا هەن كە قەناعەتیان سەبارەت بە ئینتیماكانی خۆیان دەگۆڕیٚ. لە وڵاتێكی وەكو عیراقدا هەستی خەڵكی بەپێی قۆناغەكە دەگۆڕیٚ، بۆ نموونە لە قۆناغی جەنگی عیراق- ئێراندا جیاواز بوو وەك لە ئێستا، پێش دە پازدە ساڵ ئینتیمایەك هەبوو بایەخێكی گەورەی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو بایەخەی نەماوە. ئەگەر مرۆڤ بیەویٚ لەگەڵ خۆیدا راستگۆ بێت، ئەبیٚ بڵێت ئینتیماكانی ئەوەو ئەوەو ئەوەیە.. بەڵام ئەو فرەڕەهەندییە زیاتر دەچێتە بواری عەقڵانییەتەوە وەك لە بواری خۆڕسكانە، بۆنموونە من دەڵێم: هەرچی بەشێك كە لوبنانی لیٚ درووست بووە من ئینتیمام بۆی هەیە، لە میانەی ئینتیمامەوە بۆ لوبنان.

***خوێنەری تۆ ناتوانیٚ نكۆڵی لەوە بكات كە بەجیهانیبوونی ئەمین مەعلووف فراوانترە لە شوناسە سنووردارەكەی، كارەكانی تۆ ئێستا بۆ زۆربەی زمانە جیهانییەكانی دنیا وەردەگێڕدریٚ، ئیتر تۆ ئەو گرفتەت نییە لوبنانی بی یان فەرەنسی، چونكە تازە تۆ نووسەرێكی جیهانییت، نووسەری جیهانی ئەم سیفەتە لای تۆ چی دەگەیەنیٚ؟**

-وایە، بەڕاستی من هەستی ئینتیمام هەیە بۆ هەموو جیهان، بەڵام ئەو هەستە یەكێكە لە ئینتیماكان و ئینتیماكانی دی ناسڕێتەوە، بۆ نموونە ناتوانیٚ ئینتیمام بۆ لوبنان یان بۆ فەرەنسا بسڕێتەوە، ئێمە ئێستا لە بارودۆخێكداین ناچارین لە زۆر شتدا هەست بە ئینتیمای جیهانی بكەین. هەر بۆ نموونە، ئەگەر مەسەلەی كەشوهەوا وەرگرین، دەبینین مرۆڤ ناچارە وا رەفتاری لەگەڵدا بكات كە ئینتیمای بۆ گۆی زەوی هەیە، هەر شتێك لە هەر شوێنێكی ئەم سەر زەوییەدا روویدا بەلایەوە گرنگ بیٚ، بەڵكو زۆریش گرنگ بیٚ.. هەروەها مەسەلەی ماڤی مرۆڤ، ئەو مەسەلانە وا لە مرۆڤ دەكات ببێتە هاوڵاتییەكی جیهانی.. بەڵام ئەمانە رێی لێناگریٚ لە هەندیٚ شتی تردا بەپێی ئینتیمای بۆ نیشتمانەكەی خۆی رەفتار بكات، ئەگەر رووداوێك لە لوبنان روویدات ناتوانم بڵێم من هاوڵاتییەكی جیهانیم، چ پەیوەندییەكم بەوەوە نییە كە لە لوبنان روودەدا، بێگومان پەیوەندیم بە هەر شتێكەوە هەیە كە لە لوبنان روودەدا. دیارە پەیوەندیم بەو رووداوانەوەی كە لەلوبنان روودەدەن جیاوازە لەو پەیوەندییەم بەو رووداوانەوەی كە لە فلیپین روودەدەن، كە ئەوانەی ئەوێشم بەلاوە گرنگە، بەڵام بە شێوازێكی جیاواز.. دواجار من لەو باوەڕەدام كە پێویستمان بە سەرلەنویٚ بنیاتنانەوەی بیرۆكەی شوناس و ئینتیمایە، دەبیٚ شوناس چەند ئاستێكی جیاوازی هەبیٚ، هەموو ئەو ئاستانەش گرنگن.

***كەواتە تۆ ئیتر هەست بە (غەریبی) ناكەی، یەكەم لەبەر ئەوەی مرۆڤی و دووەم لەبەر ئەوەی سەر بە ناوچەی دەریای ناوەڕاستی؟**

-كاتیٚ قسەیەكی وا دەكەم، دەخوازم لە هەر شوێنێك بم هەست بە غەریبی نەكەم، ئاواتەخوازیشم هیچ مرۆڤێك لە هیچ شوێنێكی سەر رووی زەمین هەست بە غەریبی نەكات، بەڵام حەقیقەت جۆرێكی ترە. لە هەر شوێنێك دەبم هەست دەكەم هەندیٚ شتی لێیە بە من نامۆ نییە، هەروەها هەندیٚ شتی تری لێیە لەبەرامبەریدا هەست بە نامۆیی دەكەم، ئیتر لە فەرەنسا بم یان لە لوبنان یان لە هەر شوێنێكی تر بێت. ساتی وا هەیە هەست دەكەم ئینتیمام هەیەو ساتی واش هەیە هەست بە غەریبی دەكەم.

***هاتووە بە خەیاڵتا رۆمانەكانت بە هەردوو زمانی فەرەنسی و عەرەبی بنووسی، هەروەكو سامۆئێل بیكێت كە بە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەینووسی؟**

–بیرم لەو مەسەلەیە کردۆتەوە، بەڵام ناتوانم خۆم کارەکانم وەرگێڕم.. رەنگە بتوانم بە هەردوو زمان بنووسم.. بیکێت–یش کارەکانی خۆی تەرجەمە نەدەکرد، بەڵکو بە هەردوو زمان –ئینگلیزی و فەرەنسی– دەینووسی، بەڵام میلان کۆندێرا سەرەتا کتێبەکانی لە چیکییەوە وەردەگێڕدرا بۆ فەرەنسی، دواتر کە خۆی فێری فەرەنسی بوو و دەستیکرد بەوەی بە فەرەنسی بنووسێ، ئینجا هەستیکرد وەرگێڕانی کتێبەکانی بۆ فەرەنسی باش نەبوون و خۆی جارێکی تر وەریگێڕانەوە بۆ فەرەنسی. من ناتوانم ئەمە بکەم، بەڵکو پەیوەندیم بە دەقەکەمەوە رێم پێنادات ئەمە بکەم.

***کە دەنووسی هەست دەکەی بۆ چ خوێنەرێك دەنووسی؟ لوبنانی؟ فەرەنسی؟ یان جیهانی؟**

–بەگشتی بیر لە خوێنەر دەکەمەوە، بەڵام لەو نووسەرانە نیم کە دەڵێن من دەنووسم و ئیتر خوێنەر کەیفی خۆیەتی. خوێنەرم بەلاوە گرنگەو بەلاشمەوە گرنگە لە هەموو هەنگاوێکمدا لەگەڵما بێت. جێی ناهێڵم و پێی ناڵێم، گەر دەتوانی وەرە لەگەڵم و گەر نا... من بیر لە خوێنەرێك ناکەمەوە کە سەر بە یەك ئینتیما بێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە کە دەستم بە نووسین کردووە حەز ناکەم خوێنەرانم لە یەك توێژدا کورت بکەمەوە، چونکە ئەوان خاوەن هەست و نەستی جیاوازن و پەیوەندیشیان بە ڕووداوەکەوە جیاوازە، کە دەنووسم باش درك بەوە دەکەم من بۆ خوێنەرانێ نانووسم کە هەمان هەستیان هەیە، کە لە پاریس نیشتەجێ بووم لە گۆڤاری (جۆن ئەفریك) دەستبەکاربووم، ئەو گۆڤارە لە دەیان وڵاتدا بڵاودەبێتەوە، کاتێك وتارێکم تیایدا دەنووسی دەمزانی خەڵکانێك هەن لە مەغریب و باشووری ئەفریقاو پاریس و سەنیگال–ەوە دەیخوێننەوە، کەواتە دەبوو بزانم ئەو وتارەی کە دەینووسم–ئیتر بابەتەکەی هەرچییەك بوایە– بۆ خوێنەرێکی دەنووسم کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێ، دەبێ هەماهەنگ بن لەوەدا کە دەینووسم. کاتێکیش رۆمانێك دەنووسم دەزانم بە فەرەنسی و ئیسپانی و عەرەبی و تورکی و زمانی تریش دەخوێنرێتەوە، بۆیە کە دەنووسم بە تەنیا روو لە یەك توێژ ناکەم یان لە یەك زمان، ئیتر ئەم شتە خۆی بە ئاسایی دێ.

کاتێك کە یەکەم کتێبم (الحروب الصليبية كما رآها العرب)م دەرکرد یەکێك لە گۆڤارەکان داوای لێکردم وەریگێڕم بۆ عەرەبی و لەو گۆڤارەدا بە ئەڵقە بڵاوی بکەمەوە، وتم بیرۆکەیەکی جوانە، بەڵام هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتاوە دەستەوەستان بووم و نەمتوانی، بۆ؟ چونکە مەرجی سەرەکی بۆ وەرگێڕان رێزگرتنی دەقەکەیە، رێزگرتنی دەقیش پرسیارێك رووبەڕووی وەرگێڕ دەکاتەوە: نووسەری دەقەکە دەیەوێ بڵێ چی و دواتر وەرگێڕ چۆن دەتوانێ ئەوەی نووسەر دەیەوێ بیڵێ، بیگوازێتەوە؟ لە قۆناغی خوێندندا حەزم لە وەرگێڕان بوو، بەلامەوە خۆشترین وانە بوو، بەڵام لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکی خۆمدا ناتوانم هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، کە لەگەڵ دەقی خەڵکی تردا دەیکەم. بەمجۆرە سەیرم کرد وەکو ئەوە وابوو کتێبێکی ترو جیاواز بنووسم، هەر رستەیەك کە وەرمدەگێڕا ئەوەم نەدەوت کە نووسەرەکە دەیەوێ بیڵێ کە نووسەرەکەش خۆمم، ئا بەمجۆرە دوای وەرگێڕانی چەند لاپەڕەیەك هەستمکرد من دەقێکی تر دەنووسم، یەکسەر وەستام، چونکە گەر بە عەرەبی بنووسم شتێکی جیاواز دەنووسم لەوەی کە بە فەرەنسی دەینووسم، ئەم بیرۆکەیە زۆرم بۆ دێنێ و نازانم ئاخۆ رۆژێ لەڕۆژان جێبەجێی دەکەم یان نا، چوار پێنج ساڵە لە خەیاڵمایە، بەڵام نازانم.. لەوانەیە بینووسم بەڵام نازانم کەی..

***رۆمانێکی وەکو (صخرة طانیوس) هەست ناکەی گەر بە عەرەبی بتنووسیایە ئاسانتر بوو بۆت؟**

-کاتێ دەستم بە نووسینی کرد بیرم لەو مەسەلەیە نەکردبووەوە.. بەڵام ئەگەر ئێستا بیخوێنمەوە دەڵێم: دەمتوانی بە عەرەبی بمنووسیایە.. بەڵام ئەوسا بیرم لێنەکردبووەوە، لەو باوەڕەشدام ئەگەر بڕیارم دا شتێك، رۆمان بێ یان رۆمان نەبێ بە عەرەبی بنووسم، ئەوا بە جۆرێك دەینووسم جیاواز لەوەی کە بە فەرەنسی دەینووسم.

**نەزعەی ئەکزۆتیکی**

***تێبینیی نەزعەی (ئەکزۆتیکی)م لای ئەو نووسەرە عەرەبانە کردووە، کە بە فەرەنسی دەنووسن، ئەوەی سەرنجی خوێنەری بیانی رادەکێشێ، ئەمەش لای تۆ لە (صخرة طانیوس)دا دەرکەوتبوو، چی پاڵ بەو نووسەرانەوە دەنێ بەرەو ئەو نەزعەیە؟**

-بێگومان من باشترین کەس نیم کە بتوانێ لەبارەی ئەو بابەتەوە رای خۆی بدا، کە خەریکی نووسین دەبم بیر لەوە ناکەمەوە کە دەینووسم، دوورناکەومەوە لە کەسی نووسەرو سەیری بکەم بزانم چۆن دەنووسێ، راستە من هەر لەخۆمەوە حەزم لە ئەکزۆتیکییەت نییەو لە هەموو شتێکی ناوی دووردەکەومەوە.. بۆ نموونە من زۆرم فلۆبێر خۆشدەوێ، بەڵام حەزم لە ڕۆمانی (سالامبۆ)نییە، هەستدەکەم فلۆبێر لە نووسینی ئەو رۆمانەیدا هەڵەیەك یان زۆر لەخۆکردنێکی کردووە، رەنگە لەبەر ئەوە بێ من بە شێوەیەك رەفتار لەگەڵ رووداوەکاندا ناکەم وەکو ئەوەی لە دەرەوە هاتبم. لە نووسینی رۆمانی (صخرة طانیوس)یشدا بەشێوەیەك مامەڵەی خەڵکی دێیەکە ناکەم وەکو ئەوەی کەسێك بم لە دەرەوە هاتبم و سەیریان بکەم. دواجار ئەوانە نەنك و باپیرو مامەکانمن، ژینگەکەش ئەو ژینگەیەیە کە بە منالی تییدا ژیاوم و لە حیکایەتە لوبنانییەکاندا ناسیمەوە. لە هەموو دەوڵەتەکانی دنیادا چەندین ژینگە هەیە ئەمەش ئاساییە، نووسەریش ئەم ژینگانە بە ئەکزۆتیکی نابینێ، مەگەر خۆی بەهەڵە رەفتاریان لەتەکدا بکات، یان رەفتاری خەڵکەکەی بە ئەکزۆتیکی ببینێ. نووسەر کاتێ بەڕاستی لە خەڵکی نزیك دەبێتەوە، دەبینێ خەڵکی رەفتاری تایبەت بەخۆیان هەیە.

***کاتێ رۆمانەکانی خۆت بە تەرجەمەکراوی بۆ عەرەبی دەبینیت هەستت چۆنە؟ هەستدەکەی بۆ زمانی دایك گەڕاویتەوە؟ یان تەرجەمە عەرەبییەکەی هەروەکو تەرجەمەکانی تر، هەر بەتەنیا تەرجەمەن و هیچی تر؟**

-من رۆمانەکانم بە عەرەبی ناخوێنمەوە لەسەرەتاوە تا دوایی، بەڵکو چەند پەرەگرافێکی تایبەتی لێدەخوێنمەوە. رەنگە من لەوەدا زۆر شانسدار بم کە تەرجەمەی رۆمانەکانم بۆ عەرەبی زۆر زۆر باشن. لەبیرمە زۆرکەس کە تەرجەمەکانی (عفیف دمشقیە)یان خوێندۆتەوە دەڵێن هەروەکو ئەوە وایە دەقەکە خۆی بە عەرەبی نووسرابێ، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ زمانی دایك کە لێرەدا زمانی عەرەبییە، منیش لەو بابەتانە نیم دەقە تەرجەمەکراوەکە وەرگرم و بە دەقە ئەسڵییەکەی بەراورد بکەم و هەڵەبڕیی بۆ بکەم.. من کە متمانەم بە وەرگێڕێك کرد خۆی سەرپشك دەکەم لە چۆنێتیی وەرگێڕانەکەدا. ئاگام لە وەرگێڕەکەیەو لەگەڵیدام ئەگەر پێویستی بە هەر روونکردنەوەیەك هەبوو یان راڤەکردنی هەندێ زاراوە یان گوزارە، بۆ نموونە کاتێ (نهلة بیضون) کە دوا ڕۆمانم (بدایات)ی تەرجەمە دەکرد، بە چەندین سەعات پێکەوە دانیشتووین، کارمان لەسەر وردەکارییەکان کردووە،

بەو سەرچاوانەدا چووینەتەوە کە پشتم پێبەستوون، بەتایبەتی بەڵگەنامەو نامەکان. چی پێویست بوو بۆم دابین کردووە لە سەرچاوە ئەسڵییەکان، بۆ ئەوەی تەرجەمەکەی تەواو بێت، بەڵام من کاتێ متمانە بە وەرگێڕێك دەکەم ئیتر خۆی سەرپشك دەکەم چۆنی پێباشە وای وەرگێڕێ.

***ئەی تەرجەمەکانی تر دەخوێنیتەوە؟**

—هەر هەمان شتە، من ئینگلیزی دەزانم، لەو تەرجەمە ئینگلیزیانەشدا هەر چەند پەرەگرافێك دەخوێنمەوە. هەمیشە ئامادەم بۆ پرسیاری وەرگێڕەکان، بەڵام ئەو زمانانەی کە نایانزانم دەبێ متمانە بە وەرگێڕەکان بکەم، هەر کەسێك لە ئەوروپا کاری تەرجەمە بکات بەجدی دەیکات، منیش ناتوانم چاودێریی ئەو تەرجەمانە بکەم، کە بۆ زمانێك دەکرێ کە نایزانم، ئەوە ئەرکی ناشیرەکەیە.

***لە ڕوانگەی تەرجەمەکردنی رۆمانەکانتەوە بۆ عەرەبی خۆت بە ڕۆماننووسێکی نێو بزووتنەوەی رۆمانی لوبنانی دەزانی یان فەرەنسی؟**

—ئەگەر سەیری بابەت و خولیاکانی ناو رۆمانەکانم بکەی بەو پێیە من سەر بە ئەدەبی لوبنانیم، بەڵام ئەگەر بە پێی زمان بێت ئەوا سەر بە ئەدەبی فەرەنسیم.. بەڵام من ئەو پرسیارە لەخۆم ناکەم.. لە دنیای ئەمڕۆدا ناوەرۆك گرنگە، واتە ئەوەی نووسەرەکە دەیەوێ بیڵێ، لەو باوەڕەشدام کە خولیاکانم وردە وردە دەبن بە خولیای گشتگیر، کە رۆمانێك دەخوێنیتەوە لە ئەمەریکای لاتین یان ئەورووپای رۆژهەڵات دەرچووە ئەگەر تۆزێ لەلایەنە میللییەکەی لابدەی، سەیر ئەکەی قابیلی ئەوەیە لە هەموو شوێنێك بخوێنرێتەوە. خولیاکان یەك شتن، خەڵکی زۆر لەوە لەیەکەوە نزیکترن، کە تەسەور دەکەی، سەرەڕای جیاوازییەکان خۆزگەو خولیاکان لەیەك نزیکدەبنەوە.

***هەستناکەی پێویستت بە پێگەیەك بێت یان لەنێو ڕێرەوێکدا پۆلێن بکرێی یان سەر بە بزووتنەوەیەك بیت؟**

—لەوانەیە لەبەر ئەوەی من لەو وڵاتە دەرچووم کە تیایدا لەدایکبووم و نەشونمام تیا کرد، تەسەور دەکەم من قایل بووم بەوەی لە دەرەوەی هەر چوارچێوەیەکدا بم، کاتێ ئەو کۆمەڵگەیەی تیای پەروەردە بووم جێمهێشت، ئیتر ئەو پێگانەم نەما لەو کۆمەڵگەیەدا. لە هیچ کۆمەڵگەیەکی تریشدا هیچ پێگەیەکی ترم دروستنەکردەوە، کەواتە ئەو حەزی خۆشاردنەوەیەی هەر لە منداڵییەوە تیامابوو پێوەی ناسرابووم تا ئێستاش هەر تیامایە، لە قۆناغی یەکەممدا دەچوومە ژوورەکەم و نەدەهاتمە دەرێ، لەسەر جێگاکەم پاڵدەکەوتم و دەمخوێندەوە، کە ئەو کتێبەم تەواو دەکرد یەکێکی ترم هەڵدەگرت، کەمدوو بووم، گوێگرتنم بەلاوە باشتر بوو وەك لە قسەکردن، هەندێ لە هاوڕێیان لێم دەپرسن، چۆن بەدرێژایی ئەو مانگانە بەرگەی ئەو دوورەپەرێزییە دەگری؟ پێیان دەڵێم: ئەوە نووسینە واملێدەکا بەرگەی ئەو دوورەپەرێزییە بگرم، کە خۆم لە ئەسڵا حەزم لێیەتی. ئەتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لەو جۆرە تەنیاییەدا بمێنمەوە، بەتایبەتی کە خۆمی تەسلیم دەکەم و هەموو شتێکم لەبیردەچێتەوە. قەت تەنیایی وەڕسم ناکات. رەنگە لەبەر ئەوە بێ حەزناکەم ئینتیما بکەم بۆ هیچ شەپۆلێك یان قوتابخانەیەك. ئەو شتانە پۆلێنکردنێکی کاتین و یارمەتیی نووسەر دەدا هەروەها خوێنەریش تا درك بە پێگەی ئەو نووسەرە بکات لەنێو مەشهەدە ئەدەبییەکەدا. بەڕای من دەبێ نووسەر خەریکی نووسینی خۆی بێ، بێئەوەی بەدوای پێگەی خۆیدا بگەڕێ، مادام ئەتوانێ بنووسێ، با بنووسێ ئەوە گرنگە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە لە کتێبێکەوە بۆ کتێبێکی تر پێشکەوێ و بەرەو پێشەوە بچێت.

*** ئەگەر لە بارەی پێشینانتەوە پرسیارم لێکردی ئەوان کێن؟ کێی عەرەب یان بیانی کاریگەرییان هەبووە لەسەرت؟**

-چەند نووسەرێك هەن هەست بە نزیکییەکی تایبەت دەکەم لەگەڵیاندا، لەهەمان کاتیشدا هەستدەکەم ئەوەی کە من دەینووسم پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەوان نووسیویانە. نووسەرانێك هەن کاریان تێکردووم، بەڵکو هانیان داوم بۆ نووسین یان حەزی نووسینیان تیا درووستکردووم، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم هیچ یەکێك لەو ڕۆمانانەی نووسیومن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبی ئەوانەوە هەبێت. بۆ نموونە کە منداڵ بووم ئەو کتێبەی چەندین ئاسۆی لەبەردەمما کردەوە کتێبی (گەشتەکانی گیلیڤەر) بوو بە عەرەبی خوێنمەوە، بە زنجیرەیەك کە (کامل کیلانی) دەریدەکرد بە ناونیشانی (اولادنا) لەو کتێبەدا ئامرازەکانی نووسینی ڕۆمانم بۆ کەشف بوو، دەشزانم هیچ ڕۆمانێکم نەنووسیوە کە لەو (گەشتانەوە) وەرگیرابێ، بەڵام ئارەزوویەکی گەورەی تیا درووستکردم بۆ نووسینی ڕۆمان، ئەوجۆرە نووسینەش بەشێك نییە لە نەریتی بنەماڵەکەمان، بنەماڵەکەمان شاعیرو ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی گرتۆتەخۆی نەك ڕۆماننووس. باوکم گەلێك هەواڵ و حیکایەتی بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام کە دەینووسی چیرۆکی نەدەنووسی، بەڵکو شیعرو وتارو ڕەخنەی دەنووسی، بەڵام ڕۆمان نا، قەت بەخەیاڵیا نەهاتووە کورتە چیرۆکێ یان ڕۆمانێ بنووسێ، خوێندنەوەکانم وایانلێکردم ئارەزووی نووسین و نووسینی بە فەنتازی کراو بکەم، لەوانەی کە خوێندوومنەتەوە لەسەرەتادا، چارلس دیکنز، مارك توین.. دواتریش: ستیڤان زڤایج، تۆماس مان و تۆلستۆی-م خوێندۆتەوە، کە ئەوانە لای من مەزنی مەزنەکانن.

***ئەی دۆستۆیڤسکی؟**

-بێگومان.. ڕێزێکی گەورەم بۆی هەیە، بەڵام دوای تۆڵستۆی دڵم زیاتر بۆ تۆڵستۆی دەبزوێ، ئەگەر یەکێك پرسیارم لێبکات ناوی کتێبێك بڵێم، یەکسەر دەڵێم (مەرگی ئیڤان)ی تۆڵستۆی.. لەو کتێبەدا جۆرێ لە کامڵبوون هەیە.

***لە قۆناغی سەرەتادا جرجی زیدان-ت نەخوێندۆتەوە، کە باوکی ڕۆمانی مێژووییە لای عەرەب؟**

-با.. زۆر لەمێژە، هێشتا هەندێ ڕۆمانیم لەبیرە، وەکو (فتاه غسان)، (المملوك الشارد).. بەڵام ناتوانم بڵێم کە ڕاستەوخۆ کاری تێکردووم، لەوانەشە کاری لێکردبم.. ناتوانم دڵنیا بم.. تەنانەت کە دەڵێم (گەشتەکانی گیلیڤەر) ناتوانم بێ دوودڵی بڵێم کە لەو کاتەدا کاری لێکردووم، ئێستا کارلێکەریی (گیلیڤەر)م بۆ دەرئەکەوێ، بەڵام لە قۆناغەی یەکەمدا ئەوەم نەدەزانی، بەڵام ئەو چێژەم لەبیرە کە ئەو کتێبە تیاما جێیهێشت کە دەمخوێندەوە.

***کەواتە ئەدەبی مێژوویت زۆر نەخوێندۆتەوە؟**

-نا.. زۆر نا. لەڕاستیدا ڕۆژێ لەڕۆژان ئارەزووی ڕۆمانی مێژووییم نەکردووە، من حەزم لە ڕۆمانەو حەزیشم لە مێژووە، دواجار مێژوو و ڕۆمان تێکەڵ دەکەم، لەئەساسدا ئەم بیرۆکەیەم نەبووەو ئەمەش پرۆژەم نەبووە، شەیدام بە مێژوو لەبەرامبەریشدا شەیدای ڕۆمانم، ئەم دوو شەیداییە پێکگەیشتن.

***مادام باسی ڕۆمان و مێژوو دەکەین ڕات چییە بەرامبەر دیاردەیەکی وەکو نووسەری ئەلبانی ئیسماعیل کاداری؟**

–زۆرم خۆشدەوێ و بووین بە هاورێ. بەڕاستی یەکێکە لە گەورە نووسەرەکان. ئەوکاتەی دەستم دایە رۆماننووسین بەرێکەوت بینیم، ئیتر پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان بەست، بەڵام من پێش ئەوەی بیناسم رۆمانەکانیم خوێندبووەوە، رۆمانی (نیسان مقصوف)و (جنرال الجیش المیت)و زۆرێکی تریانم بەدڵ بوو. پێش ئەوەی بیناسم بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیم خوێندبووەوە. حەزم لە ڕۆمانەکانێتی و هەستدەکەم پەیوەندییەك هەیە کۆماندەکاتەوە. جارێك پێی وتم: من و تۆ هەردووکمان سەر بە جیهانی عوسمانلیین، وایە، نزیکییەك لەنێوان ئێمەو ئەواندا هەیە وەکو پەیوەندییە مرۆییەکانمان، بوونی چەند گروپێکی مرۆڤ و پەیوەندییان بە دین و دابونەریت و مێژووەوە، بەڵام بێگومان هەریەکەمان بە شێوازی خۆی دەنووسێ.

***ئەی پاولۆ کۆیلۆ؟**

–هیچ پەیوەندییەکم پێوەی نییە.. ئەو جیهانێکی جیاوازە (پێدەکەنێ).

**گۆڕینی مێژوو**

***جارێك وتت (گۆڕینی مێژوو باش نییە ئەگەر لەو باوەڕەشدا بیت بەرێگەیەکی باش دەیگۆڕی) ئایا رۆماننووس دەتوانێ فێڵ لە مێژوو نەکات یان لەبەر خاتری رۆمان نەیگۆڕێ؟**

–لەڕاستیدا ئەوەی بەتەواوی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە: ئەگەر تۆ وتت من لەگەڵ مێژوودا مامەڵە دەکەم ئەوکاتە دەبێ بە وردی و بە ڕاستگۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بکەی، ئیتر تۆ مێژوونووس بیت یان نا. نموونەیەکم هەیە: فیلمێك هەیە لەبارەی کوژرانی کەنەدییەوە ئۆلیڤەر ستۆن دەریهێناوە، کە فیلمەکەم بینی، نیگەران بووم.. بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە چەند گرتەیەکدا کەسێك دەردەکەوێ کە وابزنم (جۆنسۆن)ە قسەی زۆر خەتەر دەکاو هەستێکی وا ئەدا بەبینەر کە ئەو پەیوەندیی بە کوشتنەکەی کەنەدییەوە هەبێ، بینەران لەبارەی ئەم شتەوە دەیانپرسی: ئەمە بۆ وایە، ئەوانەی فیلمەکەیان کردبوو دەیانوت: ئەمە گێڕانەوەیە یان فانتازیایە، نازانم چۆن دەتوانی پشت بە گێڕانەوە ببەستی و کەسێکی ناو مێژوو بهێنی و بڵێ: من فلانم کوشت، گێڕانەوەی رۆمان گێڕانەوەیە، دەتوانی چیرۆکێ بنووسی و لەچوارچێوەیەکی مێژووییدا بنیاتی بنێیت، بەڵام ناتوانی مێژوو و رۆمان تێکەڵ بکەی و ئیتر خوێنەر یان بینەر نەتوانێ لەنێوان راستی و خەیاڵدا جیاکاری بکات، کە دەڵێم گۆڕینی مێژوو مەبەستم ئا لەمەیە، کە تۆ دەڵێی من مامەڵە لەگەڵ مێژوودا دەکەم، دەبێ وەکو مێژوو مامەڵەی بکەی، دەتوانی ڕێڕەوی مێژوو یان دەرهاویشتەکانی بگۆڕی، بەڵام لەو کاتەدا دەبێ بڵێی ئەوە گێڕانەوەی رۆمانە، ئیتر ئەو کاتە کەسێك ناهێنی هێشتا زیندووە یان پێش ماوەیەك مردووە هەندێ کردەوەی بدەیتە پاڵ کە نەیکردووە، بەڵام ئەگەر بەڵگەنامەت هەبوو سەبارەت بە ڕووداوێك دەتوانی ئەو کاتە لە ڕوانگەی ئەو بەڵگەنامەیەوە مێژووەکە بگۆڕی، بەتەواوی مەبەستم ئەمەیە، کاتێ رۆماننووسێك چوارسەد، پێنجسەد ساڵ دەگەڕێتە دواوە، دەتوانێ شت دروستبکات، شت دابهێنێ، بەڵام تەنانەت لەمەشدا مەسەلەکە هەر قابیلی مشتومڕ کردنە، فیلمێکی ئەمەریکیم بینی ناوەکەیم لەبیر نەماوە، یەکێك لە کاراکتەرەکانی لویسی چواردەم بوو لەتاق لاوێتیدا، فیلمەکە لە کۆشکێکی فەرەنسیدا وێنەی گیرابوو، کە هی ئەو قۆناغەیە، لەسەر یەکێك لە دیوارەکان تابلۆیەکی لویسی چواردە بە پیری هەڵواسرابوو، دەرهێنەر سەرنجی ئەو تابلۆیەی نەدابوو وێنەی لویسی چواردەی

لەبەردەم ئەو تابلۆیەدا بە لاوی گرتبوو، ئەگەر دەرهێنەر بە ئەنقەست ئەو گرتەیەی گرتبێت ئەوە شتێکی جوانی کردووە بە ڕاستی، بەڵام ئەگەر بەسەریا تێپەڕیبێت، ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر ویستمان مامەڵە لەگەڵ مێژوودا بکەین دەبێ بە وردی مامەڵەی بکەین، مەبەست لە باسکردنی مێژوو ئەوەیە کە شتی ڕاست بگوازیتەوە.. زانیاریی ڕاست بگوازیتەوە.

***چۆن بابەتە مێژوویەکە دەبێتە بابەتێك بۆ ڕۆمان، چۆن ئەو دوو بابەتە بەیەکدا دەچن؟**

-من بە گشتی لە ڕۆمانەکانمدا کاتێ کەسێتییەکی مێژوویی دەهێنم دەبێ ئەو شتانەی لە بارەیەوە زانراوە سنووردار بێ.. وەکو لیون-ی ئەفریقی و عومەر خەیام و مانی. شتە مێژووییە جێگیرەکان وەردەگرم، کە هەمووی بە بیست لاپەڕە تەواو دەبێت، بەڵام هەوڵئەدەم چیم دەستکەوێ لەبارەی ئەو قۆناغەوە وەکو مێژوو، سۆسیۆلۆژیا، سیاسەت بیخوێنمەوە. کە لەبارەی ئەو کەسێتییەوە ئەدوێم هەوڵئەدەم ڕێز لە شتە زانراوەکانی بگرم، کاتێکیش باسی قۆناغێك دەکەم بەهەمان شێوە ڕێز لە هەموو ئەو شتانە دەگرم کە لەو قۆناغەدا ڕوویانداوە، بۆ نموونە لە هیندستانەوە پاڵەوانێك ناهێنم تاران داگیربکات. ئەفسانەیەکی کۆن هەیە کە دەڵێ عومەر خەیام و حسن الصباح و نظام الملك لەلای هەمان مامۆستا خوێندوویانە، دیارە ئەمە ڕاست نییە، چونکە نظام الملك بیست سی ساڵ لە هەردووکیان بەتەمەنتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەفسانەیە بڵاوبۆتەوەو بناغەیەکی لەناو یادەوەریی خەڵکدا داکوتاوە. هەوڵم دا لەوە بکۆڵمەوە کە ئاخۆ ئەو سێ کەسە لە قۆناغێکی تایبەتدا لەهەمان شوێندا بوون، بینیم ئەو سیانە تەنیا لەیەك قۆناغدا ئەسفەهان کۆیکردوونەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆمانەکەم بنیاتناوە، بێگومان ئەوەی لە سەمەرقەنددا دەیگێڕمەوە ڕۆمانە، بەڵام تا ئەوپەڕی هەوڵدان هەوڵم داوە لە چوارچێوەی ئەو ڕۆمانەدا لەڕووی مێژووییەوە هیچ هەڵەیەك نەکەم.

## چوارینەکان و تایتانیك

***ئەی کەشتیی تایتانیك؟**

-تایتانیك! کێ لەسەر ئەو کەشتییە بووە؟ چاپێکی چوارینەکانی خەیام هەبووە، ئەسڵییەکەی نا، چونکە ئەسڵییەکەی بوونی نییە، بەڵام یەکێك لە دەوڵەمەندە ئەمەریکییەکان نوسخەیەکی تەرجەمەکراوی -فیتز جراڵد-ی ڕۆژهەڵاتناسی پێبووە، کە بە زێڕو مرواری ڕازێنراوەتەوە. کەشتییەکە نوقمدەبێ و تا ئێستا ئەو نوسخەیە نەدۆزراوەتەوە، دەڵێن ئەو نوسخەیە زۆر گرانبەهایە، لە ڕوانگەی ئەم ڕووداوە مێژووییەوە حیکایەتێکی ترم بنیاتناوە، کە حیکایەتی کتێبێکی ئەفسانەییە.. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم: من ئاوا مامەڵە لەگەڵ مێژوو و ڕۆماندا دەکەم، بەمجۆرە هەستدەکەم کە من لەگەڵ ئەمجۆرە مامەڵەیەدا ئاسوودەم، بەڵام مەبەستم نییە بڵێم هەرکەسێك لەگەڵ مێژوو و ڕۆماندا مامەڵەی کرد دەبێ ئاگای لە پرنسیپەکان بێت. من ئارەزوومەندی مێژووم و شەیدای مێژوو و ڕۆمانیشم، بەپێی شێوازی خۆم تێکەڵیان دەکەم، بەڵام ناڵێم ئەمە تاقە ڕێگەیە.

***جۆرج لۆکاش-ی ڕەخنەگر دەڵێ: ڕۆمانی مێژوویی هەنجەتی خۆی لە واقع یان ئێستایەکی قەیراناویدا دەدۆزێتەوە، ئەمە پاڵ بە ڕۆمانووسەوە دەنێ کە ڕابردوو بهێنێتەوە تا لێوەی تیشکێك بخاتە سەر ئێستا، ڕات چییە بەرامبەر ئەم گوتەیە؟ ئەمەت بەلاوە گرنگە؟**

-بەتەواوی ڕاستە، بەڵام ئەم گوتەیە بەتەنیا بەسەر ڕۆمانی مێژووییدا جێبەجێ نابێ، بەڵکو نووسینەوەمان بۆ مێژوو نزیکخستنەوەیەکە بۆ تێگەیشتنمان لە مێژوو لەمڕۆداو وەکو ئەوەی ئەمڕۆ پێویستمانە. لای ئێمە شتێك نییە بە ناوی مێژوو. ژمارەیەکی بێشوومار ڕووداومان هەیە، لەهەر قۆناغێکی مێژوویی ئەوە هەڵدەبژێرین کە وایدادەنێین مانای هەیە، ئەو مانایەش جیاوازە لەو مانایەی کە پێش سەد تا دووسەد ساڵ هەبووە، ئینجا ڕاڤەیەك و ڕێڕەوێکی دەدەینێ کە بۆ ئێمە واتایەکی هەیە. ئێمە لە ئێستادایین، ئەمڕۆ جیاوازە، گرنگیپێدانەکانیشمان جیاوازە، هەرچەند سەیری مێژوومان کرد بەشێوەیەك تێیدەڕوانین وەکو ئەوەی کە ئێمە لەم سەردەمەدا دەژین، لەبەر ئەوە کاتێ ئەمڕۆ باسی ڕۆمان دەکەین، قسەکانمان جیاوازە لە قسەی ئەوانەی لە سەدەی شازدە یان پێشتردا ژیاون. تەنانەت ڕووداوەکان خۆشیان بە تێپەڕینی کات مانایەکی تر وەردەگرن، ئەمەش سەبارەت بە ڕۆمانی مێژوویی و مێژووشەوە هەر ڕاستە.

***لەو باوەڕەدا نیت کە ڕۆژ بەڕۆژ مەودای نێوان ڕۆمان و مێژوو فراوانتر دەبێت، بەڵام بێئەوەی پەیوەندییەکانیان بپچڕێن بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆمانیش و مێژوویش هەردووکیان بەرەو پێشەوە چوون؟**

-من وایدەبینم کە پەیوەندیی نێوان فانتازیاو مێژوو زۆر کۆنە، لە سەرەتاکانی ئەدەبەوە پەیوەندییەك هەبووە لەنێوان مێژوو و ئەفسانەو خەیاڵدا- ئەگەر (ئەلیازە) وەرگرین بە نموونە دەبینین تێکەڵەیەکە لەو سێ ڕەگەزە- بەهەمان شێوەش بەرهەمەکانی شکسپیر، کەواتە ئەو پەیوەندییە هەر لە سەرەتاوە هەبووە لە هەموو جیهاندا، لەو باوەڕەدام کاتێ مرۆڤ ڕۆمانێك دەنووسێ یەکەم ئەرکی بەرامبەر مێژوو نییە، بەڵکو یەکەم ئەرکی بەرامبەر پێوانە هونەری و جوانکارییەکانە، واتە ئەرکێکی زانستی نییە، بەڵکو ئەرکێکی هونەری و جوانکاری هەیە، کەواتە پرسیارەکە ئەوە نییە بە چ ڕێگەیەك مێژوو دەخرێتە ناو ڕۆمانەوە، بەڵکو چۆن چۆنی جێی ئەو مێژووە دەکەمەوە لەناو ڕۆماندا، بە پێی چ هونەرێك، ئەگەر لە ڕۆمانێکدا پانتاییەك هەبوو بۆ مێژوو با بێت بەسەرچاو، بەڵام ئەگەر هیچ شوێن یان پانتاییەك نەبوو پێویست ناکات بێتە ناوەوە. من وەکو خۆم زۆر حەزم لە مێژووە وەکو ئارەزوومەندێك لەبەر ئەوە هەمیشە لە ڕۆمانەکانمدا ئامادەبوونی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتداو لە هەندێ ڕۆمانمدا دەیکەم بە باکگراوندێکی دوور.

***لە یەکەم کتێبتدا (الحروب الصليبية كما رآها العرب) کە تاپێکی مێژوویی ڕووتی هەیە، بەڵام لە گێڕانەوە خاڵی نییە..**

-لەو کتێبەمدا جۆرێ لە بەدحاڵیبوون هەیە، ئەو کتێبە ڕۆمان نییە هەرچەندە لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ ڕۆمانێکی ڕاستەقینەیە، لەو کتێبەدا گێڕانەوە هەیە، بەڵام هیچ ڕەگەزێکی ڕۆمان یان فانتازیا یان کاراکتەری ڕۆمانئامێزی تیانییە، هەندێك دەڵێن: ڕۆمانە، پێیان وایە ڕۆمانە لەبەر ئەوەی دوای ئەوە چەند ڕۆمانێکم بڵاوکردەوە.. بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمان نییە، لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا هاتووە دەڵێ: ئەو کتێبە لە بیرۆکەیەکی سادەوە هاتووە ئەویش گێڕانەوەی چیرۆکی جەنگی خاچپەرستەکانە لە ڕوانگەی عەرەبەکانەوە، چۆن چۆنی لەو جەنگەدا ژیاون و چۆن وردەکارییەکانیان گێڕاوەتەوە، ڕەنگە ئەم قسەیە ئەو بەدحاڵیبوونەی لەو کتێبەدا دروستکردبێت.

***مێژوو لەلای تۆ فراوان و فرەڕەهەندە، هەر رۆمانێکت مێژوویەکی تایبەت باسدەکات، بۆ کارەکانت لەسەر یەك جۆر مێژوو چڕ نەکردۆتەوە وەکو زۆر لە نووسەرەکان کردوویانە؟ ئەم فرەڕەهەندییە بۆ؟**

–رەنگە ئەگەر مێژوونووس بوومایە بایەخم بە قۆناغێکی تایبەت بدایە، شارەزایی خۆم لەو قۆناغەدا سنووردار بکردایەو تیاشیدا قووڵ بوومایەتەوە، بەڵام من ئارەزوومەندی مێژووم، کە قۆناغێك دەکەمە مەبەستی خۆم باش لێی دەکۆڵمەوەو زۆر لە بارەیەوە دەخوێنمەوە، کە دەستم دایە ئەو کارەی سەبارەت بە جەنگی خاچپەرستانە، شتێکی وام لەبارەیەوە نەدەزانی، دووساڵ خۆم بۆ تەرخانکرد بە خوێندنەوەو گەڕان بەدوای زانیارییدا. ئیتر وردە وردە کتێبەکە دروستبوو، کە دەچمە قۆناغێکی لەو جۆرەوە، سێ ساڵی تیا بەسەر ئەبەم، ئینجا حەزدەکەم لێی دەرچم، بچم بۆ قۆناغێك و سەدەیەکی تر، قورسترین شت بەلامەوە ئەوەیە لەبارەی رووداوێکەوە بنووسم کە لەو قۆناغەدا یان لەو شوێنەدا روویداوە، کە پێشتر لەبارەیەوە نووسیومە، بۆیە لە مێژوویەکەوە دەگوازمەوە بۆ مێژوویەکی دی.

جوانترین قۆناغی نووسین ئەو قۆناغەیە کە نووسەر شارستانێتییەك یا سەدەیەك کەشف دەکات، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئیتر من دەبمە پسپۆڕ لەو سەدەیەدا، بەڵکو هەروەکو ئارەزوومەندێکی ئەو مێژووە دەمێنمەوە، بایەخ بە کەسێتییەکی تایبەت یان سەردەمێکی تایبەت ئەدەم و ئەمەوێ تا بتوانم شتیان لەسەر بزانم ئینجا دەستدەکەم بە نووسینی رۆمانەکە لەو کەشە فراوانەدا: ئێران، ئاسیای ناوەڕاست، لوبنان. کە دەستدەکەم بە نووسینی رۆمانێك لەوکاتەدا هەموو رۆمانەکە بە کامیلی لە زەینمدایە تەنانەت بچووکترین وردەکارییەکانی دەزانم، بەڵام کە رۆمانەکە دەبێتە کتێب و بڵاودەبێتەوە، لەسەدا نەوەدیم بیردەچێتەوەو دەست دەکەم بە بایەخدان بەو شتانەی کە پەیوەندییان بە کتێبی داهاتوومەوە هەیە.

***رۆمانی (حدائق النور) کە تیایدا باسی کەسێتیی (مانی) دەکەیت، لەو رۆمانەدا بەتەنیا باسی ئەو کەسێتییە نادیارە دەکەی و خۆت لە باسکردنی عەقیدەی (مانویەت) لادەدەی، بۆ تیایدا باسی ئەو ئاینەت نەکردووە؟**

–راستدەکەی، یەکەم شت کە بەدڵم بوو ئەو جەوەو ئەو قۆناغە بوو کە مانیی تیا ژیاوە، ئینجا پەیوەندیی بە ئایین بەگشتی و بە ئایینەکانی تریشەوە، بەڵام ناوەڕۆکی ئایینەکەی خۆیم بەدڵ نەبوو، ئەو نەریتی دوالیزمەی کە لەسەر ململانێی هەردوو رەگەز وەستاوە، تاریکی و رووناکی بۆ نموونە، بەڕاستی ئەوە راینەکێشام و راینەگرتم لای خۆی. گەر بمویستایە لەسەر ئەو خودی ئایینە قسە بکەم دەبوو بەزۆر بەسەر خۆمدا فەرزم بکردایە. مانویەت بیروباوەڕی من نییەو بە دەستکەوتێکی سەرەکیی دانانێم. سەرکەوتنی مانی لەوەدا دەبوو ئاینێکی دامەزراندایە لەگەڵ ئایینەکانی تردا کۆك بووایە نەك دژیان بووایە. بەهەرحاڵ ئەو نەریتی دوالیزمەی مانی کە دواتر لەڕێی کاتارو بۆگۆمیل–ەوە بەردەوام بوو، پەیوەندییان بە منەوە نییە. لە مانەویەتدا جۆرێ لە موزایەدەی خواپەرستی هەیە بەسەر ئایینەکانی تردا، بەڵام سۆزێکی گەورەم بۆ مانەویەکان هەیە دوای ئەو هەموو چەوساندنەوەو کوشت و بڕینەی تووشیان بوو، بەڵام تێڕوانینیان بۆ ئایین تاڕادەیەك نەزۆك بوو. من دێرە رۆژئاواییەکانم پێ باشترە، کە ئەو هەموو کەتنانەی تیا روودەدا، ئەو دێرانە ژیانی تیابوو، رۆشنبیرییەکی تیا بوو لە دێرێکەوە بۆ دێرێکی تر دەگوازرایەوە، لەبیریشمان نەچێت مانەویەت دژی سێکس بووە تاڕادەی پەرگیری، ئەوانە لەوە دەچوون دژی بەردەوامبوونی نەوە خستنەوە بن، ئیتر ئەوە مەنتیقەکەیان بوو حەزم لەم لایەنەیان نییە.

***بۆ جارێك بیرت لەوە نەكردۆتەوە رۆمانێ لەبارەی جەنگی لوبنانەوە بنووسی؟ ئایە تراژیدی و پوچگەرایيەكەی راینەكێشاوی؟ یان ئەو كاولكاریيەی لەدوای خۆیەوە جێیهێشتووە هانی نەداوی بۆ نووسینی رۆمانێك؟**

—لەو باوەڕەدام بایی ئەوەندە لە جەنگی لوبنانەوە نزیك نیم یا دوور نیم تابتوانم لەبارەیەوە بنووسم—گەر زۆر لێوەی دوور بوومایە لەوانە بوو بمتوانیایە لەبارەیەوە بنووسم، چونكە ئەو كاتە هەستم دەكرد مەودایەكی وام هەیە بوارم پێدەدا شتەكان بێلایەنانە ببینم، بێئەوەی هەست بكەم كە بەتەواوی لەو جەنگەوە تێوە گلاوم یان كاری تێكردووم، خۆ ئەگەر تیاشیدا بژیامایەو سالّی 1976 كۆچم نەكردایە، رەنگ بوو لەبارەیەوە بمنووسیایە. من لەنێوان دوو شت و دوو جۆر هەست دام، هەستی كەسێك لە جەرگەی جەنگدا بووەو هەستی كەسێكیش رۆژانە لەو نێو جەنگەدا نەژیاوە وەكو ئەوانەی لە لوبناندا مانەوە. لەبەر ئەوە هەستناكەم بتوانم بە ئاسوودەیی لەبارەی ئەو جەنگەوە بنووسم، هەڵەیەك هەیە لە پەیوەندیی مندا بەو جەنگەوە، حاڵەتێكم هەیە نازانم دەروونییە یان تایبەتە بە خۆم، حەز ناكەم لەبارەی شتە زۆر نزیكەكانی خۆمەوە بنووسم، من هەمیشە مەودایەك دەخەمە نێوان خۆم و ئەو بابەتانەوەی كە دەینووسم.

***دژوارییەكانی مێژووی لوبنان سەرنجت راناكێشن؟ بیرت لەوە نەكردۆتەوە لەسەر ئەو مێژووە كاربكەی، كە لەسەری پێكنایەن؟**

—لە ئایندەدا ئەگەر ویستم لەبارەی لوبنانەوە بنووسم وای بە باشتر دەزانم كتێبێكی لێكۆڵینەوە بێت، تیایدا وێناكردنی من بێت بۆ نیشتمان وەك لەوەی رۆمانێك بێت لەبارەی نیشتمانەوە، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر بمەوێ مامەڵە لەگەڵ واقعی لوبنانیدا بكەم دەبێت زۆر بە وردی ئەو مامەڵەیە بكەم، ئەگەر لە میانەی رۆمانێكەوە ئەو مامەڵەیە بكەم بە هیچ جۆرێ ئەو رۆمانە راستگۆ نابێ. یەكەم لەبەر ئەوەی من كەسێكم حەزدەكەم هاوسەنگییەكان راگرم، بەتایبەتی لە لوبناندا نامەوێ یەك موو لە ڕەگەزەكانی ئەم وڵاتە وەلانێم، ئەگەر بمەوێ رۆمانێ بنووسم دەبێ لە هەر توێژێك كەسێتییەك وەرگرم و لەچوارچێوەی رۆمانەكەشدا ئاگاداری پێكهاتەی لوبنان بم.. نابێ ئاگری ئەو كینەو دوورەپەرێزییەی لەنێوان توێژەكاندا هەیە خۆشی كەم، لەو كاتەدا ئەوەی دەینووسم رۆمان دەرناچێ و ئەوەی دەینووسم بەپێچەوانەی كەشی رۆمانەوە دەبێ، كە مەسەلەیەكی دوور وەردەگرم و باسی دەكەم دەتوانم ئازادانە بنووسم، بەڵام دۆزێكی هەستیاری وەكو دۆزی لوبنان باشتر وایە لە ئاستیا وردتر بم، لەمیانەی گێڕانەوەی قۆناغێكی مێژوویی تایبەتەوە راوبۆچوونی خۆم باسكەم. ئەگەر مێژوونووسێكی پسپۆڕ بوومایە دە ساڵم تەرخان دەكرد بۆ نووسینەوەی مێژووی لوبنان بە ڕێگەیەكی گشتگیر، كە نەك هەر لایەنێك بەشی خۆی تیا ببینێتەوە، بەڵكو هەركەسێك بەشداریی لەو سەركێشییە لوبنانییەدا كردووە ئەو مێژووە بە مێژووی خۆی بزانێ، تەنانەت ئەگەر ناچار بووم یەكەیەكە تایەفەكان بگرم و باسی حیكایەتی خۆی و چۆنێتیی نەشونماكردنی خۆی بكات و چۆن بووە بە بەشێك لەو نیشتمانەو چۆن چۆتە نێو پێكهاتەی لوبنانییەوەو دەوری چی بووە لەو پێكهاتەیەدا. نابێ بانگەشە بۆ لەیادكردنی ئەو جۆرە شتانە بكەین یان خۆمان لە باسكردنی لادەین. بەڕای من ئەم كارە زۆر گەورەیە دەبێ كۆمەڵێ مێژوونووسی پسپۆڕ ئەمە بكەن و منیش خەون بەوەوە دەبینم بیخوێنمەوە.

***جارێکیان لە یەکێك لە دەقەکاندا وتووتە تۆ بەهۆی برینێکەوە دەنووسی؟ داخۆ ئەو برینە چی بێت؟**

-برینەکە لوبنانە، برینەکە ئەوەیە مرۆڤێك لە وڵاتێکدا پێبگات هیواو ئاواتی زۆری هەبێت، دواتر ببینێ وڵاتەکەی لەتوپەت دەبێت، ئەو خەونی گۆڕان و پێشکەوتنەی هەیەتی بەبەرچاویەوە دەکەوێ. ناچار وڵات جێدێڵێ و ئەویش لەنێوان وڵاتەکەی خۆی و وڵاتی غەریبیدا لەتوپەت دەبێ.. بەبڕوای من ئەوە یەکەم برینە، دیارە چەندین برینی تایبەتیش هەیە، بەڵام ئەوە برینە بەردەوامەکەیە.

**حیکایەتە خۆرهەڵاتییەکەو هونەری رۆژئاوایی**

***نهێنیی رۆمانووسین لای تۆ خۆی لەو توانای تێکەڵاوکردنی رۆحی حیکایەتی خۆرهەڵاتیانەو هونەری رۆمانی رۆژئاواییدا دەدۆزێتەوە، چۆن ئەم هاوکێشەیە راڤە دەکەی؟**

-لەو باوەڕەدام ئەم هاوکێشەیە لە بەئاگاییەوە نەهاتووە، بێگومان هەستەکانم لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێن، واتە لە هەموو ئەو چیرۆك و حیکایەتانەی بە منالّی گوێم لێبووە کە باوکم بۆی گێڕاوینەتەوە بەتایبەتی چیرۆکی شیعرو شاعیرەکان وەکو (امرؤالقبس والمتنبي) و ئەمانە هەروەها چیرۆکی دەسەڵاتداران و چیرۆکی خەیاڵی کە هەموو ئەمانە سەر بە کولتووورە خۆرهەڵاتییەکەمانە، کە زۆری لەبارەوە دەزانین، لەهەمان کاتیشدا شێوازی نووسینەکانم عەقڵانین، لێت ناشارمەوە عەقڵم مەنهەجی و دیکارتییە، بەڵام هەستەکانم لە مێژوومانەوە سەرچاوە دەگرێ. وەنەبێت خۆم بە ئەنقەست و بە زۆر بمەوێ ئەم دوو شتە کۆبکەمەوە، بەڵکو خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی کۆدەبنەوە، کە دەنووسم کاریگەرە سەرەکییەکە بۆ سەر شێوەی نووسینم کاریگەریی خوێندنەوەی رۆمانی رۆژئاواییە، هەرچەندە یەکەمجار ئەدەبیاتی جیهانیم بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە، کە زۆر جوان بۆ عەرەبی وەرگێڕدرابوون، ئەمەش زۆر کاری تێکردم، راستە ئەو رۆمانانە بۆ عەرەبی وەرگێڕدرابوون، بەڵام بونیادەکەی ئەورووپی بوو، بەتایبەتی ئەوانەی سەدەی نۆزدە، بێگومان شێوازی نووسینی رۆمانەکانم کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو رۆمانانەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی خۆرهەڵاتییانەیە، ئەم تێکەڵکردنە هەر لە سەرەتاوە خۆڕسکانە ئاسایی روویداوە.

***خوێنەر لە هەندێ لە رۆمانەکانتدا هەستدەکا کە (زۆرزانی گێڕانەوەیی) بەکاردەهێنیتەوە، ئەوەی (هەزارو یەك شەوە)ی پێناسراوە، لەگەڵمایت بۆ وشەی (زۆرزانی)ی گێڕانەوە، ئەوەی جۆرج لۆکاش بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەری رۆمانی دادەنێ؟ جگە لەوە تۆ (هەزارو یەك شەوە) کاریگەریی هەبووە لەسەرت؟**

-باسمکرد کە باوکم نە ڕۆمان و نە چیرۆکی نەدەنووسی، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو هەقایەتی ئاوایییەکەو هەموو شاعیرانمان بەدەم بۆ بگێڕێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی کە هەمە لەوەوە وەرمگرتووە، لەو حیکایەتانەی کە بۆی دەگێڕاینەوە، کە دەنووسم خۆم دەخەمە جێی خوێنەر، من مرۆڤێکم زوو بێزار دەبم، لەکاتی نووسیندا ئەگەر هەستم بە بێزاری کرد، ناڵێم دەبێ خوێنەر تەحەمولی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر من خوێنەرم بردە نێو تونێلێکەوە ئەوە مانای وایە من نازانم چۆن بەرەو ڕێگای راستی ببەم. هەوڵدەدەم لەگەڵ خوێنەردا بڕۆم و حیکایەتەکەی بۆ بگێڕمەوە بەو شێوەیەی خۆم حەزدەکەم گوێم لێی بێت. لەو باوەڕەشدا نیم (هەزارو یەك شەوە) کاریگەریی هەبووبێ لەسەرم، بەتایبەتی شەهرەزاد هیچ کاری تێنەکردووم. (هەزارو یەك شەوە)م خوێندۆتەوە، بەڵام هەستێکی وام نییە کە کاری تێکردبم، ئەوەی شەهرەزاد

کردوێتی هەر لە بەرگریکردنی دژی مەرگ لەڕێی گێڕانەوەوە، هەروەها پچڕاندنی ڕێڕەوی حیکایەتەکان بۆ هێنانەکایەی تامەزرۆیی، ئەو شتانەم پێخۆش بوو، بەلاَم لە ڕۆمانەکانمدا ڕەنگی نەداوەتەوە. بەلای منەوە بنەماکانی هونەری ڕۆمان ئەوەیە کە خوێنەر دەگاتە کۆتایی فەسلێك دەبێ چووبێتە نێو فەسڵەکەی دواترەوە، وەستان لە کۆتایی فەسڵەکەدا قورسە، چونکە دەستپێکردنەوەی نووسین دوای ئەوە پێویستی بە هەوڵی زیاترە، ئەو کاتە نووسەر بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوە لە سەرەتای فەسڵە تازەکەوە ئەم شتە ئاسایی لەخۆیەوە دێ، هیچ جارێك ڕووینەداوە وتبێتم با ئەم شتە دانێم، واتە بە ڕێگەیەکی دەستکرد. من چیرۆکەکان بەو شێوەیە دەگێڕمەوە کە حەز دەکەم گوێم لێی بێت، واش هەستدەکەم ئەوەی فێری کردم ئاوا چیرۆك بگێڕمەوە لەلایەك باوکمەو لەلایەکی تریشەوە خوێندنەوەکانمە.

***ئامادەبوونی راوی بەسەر کارەکانتەوە زاڵە، هەندێجار ئەو راوییە جێی نووسەر دەگرێتەوە، وەکو لە (سلالم المشرق)دا، بەپێی گوزارە رەخنەییەکە گەمەی (فێڵکردن)ی گێڕانەوەیە، هەروەکو ئەوەی بڵێی (ئەو رۆمانە هیچ شتێکی خۆمی تیا نییە)، پاڵەوانەکە دەگێڕێتەوەو راوی دەنووسێ، چۆن دیاردەی (راوی) لە رۆمانەکانتدا راڤە دەکەی؟**

—ڕاستە فێڵێك هەیەو ڕاستیشە کە ڕاوییەکم هەیەو هەندێجاریش ئارەزووی ئەوەم هەیە کەسێتیی ڕاوی دروستبکەم، بەڵکو ئەو کەسێتییە فریوم دەدات، لەو باوەڕەشدام کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حەزناکەم بڵێم: من، کە دەشڵێم من حەزدەکەم ئاشکرابێ کە ئەو (من)ە خودی خۆم نییە، بەڵکو (من)ێکی ترە. ڕاوی بواری ئەوەم دەداتێ هەندێ شت لەسەر کەسێتیی خۆم لادەم، هەروەها ڕێم پێدەدا ئەوەی ڕوویداوە بیگێڕمەوەو دووریشکەومەوە لەوەی ڕوویداوەو وێنەیەکی فراوانتر لەبارەیەوە پێشکەش بکەم. کەواتە هەمیشە پێویستم بە دەوری ڕاوی هەیە، چونکە بوارم پێدەدا کە لە کەسێتییەکان دوورکەومەوەو شتگەلێك بڵێم کە کەسێتییەکان خۆیان ناتوانن بیڵێن. بەمجۆرە شتگەلێك دەڵێم بە شێوازێك نە بەتەواوی شەخسییەو نە بەتەواویش دوورە لە خۆمەوە. ڕۆماننووسانی وا هەن خۆیان دەخەنە جێی هەندێ لە کەسێتییەکان، ڕۆماننووسانی واش هەن خۆیان دەخەنە شوێنی ڕاوییەکان، بەمجۆرە دەستدەگرن بەسەر ڕاوبۆچوونی کەسێتییەکانداو هەروەها بەسەر ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا. دانەر کەسێکە لەنێو ڕۆمانەکەدا شوێنی نییە، بەڕای من ڕاوی (وسیط)ێکە توانای ئەوەی هەیە شتێك بڵێ بێئەوەی دەسەڵاتی تەواوی ڕۆماننووس یان داهێنەرەکەی هەبێ.

***لە (موانی المشرق)دا سنووری سیاسی و مێژوویی هەردوو کاراکتەرە سەرەکییەکە لە یەکتری جودا دەکاتەوە، لەلایەك (عصیان)ی فەلەستینیی موسوڵمان و لەلایەکی تر (کلارا)ی جوولەکە، ئەم دووانە لە دەرەوەی (شوێن) نەبێ پێکناگەن، مەبەستت لەو جودابیەی ئەو خاکەیە کە لەنێوان فەلەستینییەکان و جوولەکەکاندا دابەش بووە؟**

—بیرۆکەی ڕۆمانەکەم لە حیکایەتێکەوە بۆ هات، یەکێك بۆی گێڕامەوە لەبارەی پیاوێکی فەلەستینییەوە کە ژنێکی جوولەکەی هەبووەو لە قودس ژیاوە، ساڵی 1948 لە یەکتری جیابوونەتەوە، نەك لەبەر ئەوەی بە خواستی خۆیان بڕیاری ئەو جیابوونەوەیەیان دابێت، بەڵکو دوای درووستبوونی ململانێکە ئیتر ژنەکە ناتوانێ بەردەوام بێت و هەستدەکات کەوتۆتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی ژنی کابرایەکی فەلەستینیی موسڵمانە، هەروەها پیاوەکەش هەمان

کێشەی تووش دێ لەبەر ئەوەی فەڵەستینییەو ژنەکەی جوولەکەیە، من خۆم ئەو پیاوەم لە دوورەوە دەناسی، بەڵام ئەو پیاوە نییە کە لە ڕۆمانەکەدا ناوم ناوە (عصیان)، کەسێتیی (عصیان) تێکەڵە لە سێ کەسێتی، کە دەمناسین، جگە لەچەند ڕەگەزێکی دی کە لە کەسانی ترەوە وەرمگرتوون، ئەم چیرۆکەم بۆیە وەرگرتووە تا بڵێم دواجار کە ململانێیەکی لەوجۆرە دێتە گۆڕێ، گەر پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیش لەنێوان ژن و پیاوێکدا هەبێت بارودۆخەکە وادەکات کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆیان تا پێکەوە بژین، یەکێکیان دەکەوێتە شوێنی نادرووستەوەو هەردووکیان هەڕەشەی جیابوونەوەیان لێدەکرێ و ناتوانن لە دەرەوەی ناوچەی ململانێکە نەبێ پێکبگەن. لەم ڕۆمانەدا باسی چەندین شوێن و چەندین ململانێم کردووە، کە ڕۆمانەکە بۆ زمانی تورکی وەرگێڕدراو تورکەکان خوێندیانەوە ئەوەی لە زەینیاندا مایەوە ململانێی نێوان تورك و ئەرمەن بوو، چونکە پاڵەوانی ڕۆمانەکە باوکی تورکەو دایکی ئەرمەنییە، کە ڕۆمانەکە لە سربیاش تەرجەمەکرا، چەندین وتاری لەسەر نووسراو وا باسکرا کە ڕۆمانەکە نموونەی واقعی سربیایە.

***بەرهەمەکانت بەگشتی نموونەی لێبوردن و ڕێزگرتنی کولتووری بەرامبەرو پێکگەیشتن و دیالۆگ کردنە بەتایبەتی لەنێوان کولتوورەکانی دەریای ناوەڕاستدا، ئا ئەم وەسفکردنە بۆ کارەکانت لای تۆ چی دەگەیەنێت؟ لەکاتێکدا ئەمە وەسفکردنێکی مۆراڵییەو پەیوەندیی بە هونەری ڕۆمانەوە نییە، ئایا ئەوە وەزیفەی ڕۆمانە کە داوای لێبوردن و پێکەوەهەڵکردن بکات؟**

–بە باوەڕی من ئەرك و ئیشی ڕۆماننووسین ئەوەیە جیهانێکی تر بنیات بنێت، بەشداری بکات لە نزیکخستنەوەی خەڵکیداو پێکگەیشتن و دیالۆگیان لەنێواندا دروست بکات، نەك دووبەرەکییان لەنێواندا بچێنێ، بێگومان ئەم ئەرکە بەس نییە، چونکە جگە لە لایەنی مۆراڵی (ئەتیکی)، لایەنی ئیستاتیکی واتە جوانکاری هەیە، کاتێك لایەنی مۆراڵی و لایەنی ئیستاتیکی بەر یەك دەکەون، ئەمەش ڕوودەدا، مرۆڤ رادەمێنێ، نووسەرگەلێکی گەورە هەن نووسینەکانیان بەرەو ڕێچکەیەکی کاولکەرانە دەیانبات، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە دەبێ ئەدەبەکەیان قەدەغە بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە، بەشبەحاڵی خۆم و بە حوکمی پەروەردەو بەرپرسیارێتیم وەکو مرۆڤێکی لوبنانی، ناتوانم شتێك بنووسم ببێتە هۆی ڕق و کینە، ئەمە شتێکی سەرەکییە بەلای منەوە، هەرچەندە ئەمە بەتەنیا بەس نییە، لەبارەی ئەو هیواو ئاواتەی هەمە بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردن هەمیشە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی دەیخوازم و ئەوەی دەیبینم و ئەوەی ڕوودەدا، بەڵام بۆ بەدبەختی گەر تەماشای ئەوە بکەین کە ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕوودەدا بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کە شتەکان بەرەو لێبوردن و پێکەوەژیان ناچن. لێرەدا دەبێت نووسەر ڕاستی بڵێت، هیوادارم پێکدادانی شارستانییەکان ڕوونەدەن، پێویستە هەندێجار نووسەر دان بەوەدا بنێت کە مێژوو بە شێوەیەکی تر ڕێدەکات و دەبێ دان بەوەشدا بنێت کەوا دۆڕاوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەست بەوە ناکەم لە بەرەی سەرکەوتوواندا بم، بەڵکو من لە بەرەی دۆڕاوەکاندام، ئەوانەی بێئومێد بوون، هەست دەکەم ئەو جیهانەی خەونی پێوە دەبینم و خەونم پێوە دەبینی ئەو جیهانە نییە کە ئێستا دەیبینم، هەروەها بۆ بەدبەختیش ئەو جیهانە نییە کە سبەی منداڵەکانم و نەوەکانم تیای دەژین.

***پەرچەکرداری تۆ چی بوو بۆ 11ی ئەیلوول؟ چۆن رووبەڕووی ئەو شۆکەت بوویتەوە؟**

–یەکەم هەستم ئەوە بوو کە ئەوەی خۆمان لێ لادەدا، ئەوەی هەوڵمان دەدا لێی دوورکەوینەوە لەسەر ئاستی هەموو جیهان روویدا، هەروەکو ئەوەی، ئەو ململانێیانەی لای ئێمەوە سەریهەڵدا قەوارەیەکی گەورەی وەرگرت، هێشتا هەر ئەو هەستەشم هەیە، ئەوەی لە نیوەی حەفتاکاندا لە لوبنان روویدا بە جۆرێك لەجۆرەکان پێشەکی بوو بۆ ئەوەی لە یازدەی ئەیلوولدا روویداو بەپێی شوێنی روودانەکە، هەستیارییەکی زیاتری هەبوو لە شوێنەکانی تر. ئەو ململانێیانەی لەسەر بنەمای نەفیکردنی بەرامبەر هەڵایساوە، بەتایبەتی ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، هەر ئەوەیە تەقیوەتەوەو هەموو دنیای گرتۆتەوە.

***لەو باوەڕەدای کە 11ی ئەیلوول جێبەجێکردنی گوتەکەی هنتنگتۆنە سەبارەت بە (پێکدادانی شارستانییەکان) کە زۆر کەس رەخنەیان لێگرت؟**

–هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە ناکرێ رێ لە پێکدادانی شارستانێکان بگیرێ، بەڵام بیریشم لەوە دەکردەوە کە دەکرێ رێ لەو پێکدادانە بگیرێ، بۆ بەدبەختیش رۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەو هەستەمان لا دروست دەبوو، کە نەمانتوانی رێ لەو پێکدادانە بگرین، زۆر خەمم بەو مەسەلەیە خواردو هەستم بە دۆڕاندنێکی گەورە کرد. بە دڵنیاییەوە یازدەی ئەیلوول یەکێك بوو لە رەگەزە کەشفکەرو بە ئاماژەکان، بووە رووداوێکی بینراو، هەموو جیهان بە چاوی خۆی بینیی، بەڵام لەڕاستیدا ئەم گۆڕانە لە ڕووداودا لە چەند ساڵێك لەوەوبەرەوە دەستی پێکردبوو، هەر لەکاتی رمانی دیواری بەرلینەوەو تا ئێستاش بەردەوامە، بەمجۆرە لە جیهانێکەوە کە تیایدا لەسەر ئایدۆلۆژیا لە دووبەرەکیدا بووین، چووینە جیهانێکەوە کە تیایدا لەسەر شوناس لە دووبەرەکیداین. لەم چرکەیەوە، چرکەی دووبەرەکی لە شوناسدا، ئەمجۆرە گۆڕانانە روودەدەن، هەستدەکەم هەموو جیهان کەوتۆتە نێو داوی ئەو ململانێیەوە، ئەمڕۆ لەنێو ململانێی –شوناس–دا دەژین، ناشزانین چۆن چۆنی لەم ململانێیە بێینە دەرێ. پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاواو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی زیاتر بەرەو نائارامی و ئاڵۆزی دەچن، هاریکاری لەگەڵ ئەوی تردا زۆر نێگەتیڤە، لێرەو لەوێش، واش هەستناکەم ئەو پەیوەندییە بە چەند ساڵێکی کەم راستکرێتەوە، رەنگە بیست ساڵی تری بوێ، ئەو کەسانەی وەکو ئێمەشن لەسەر هێڵی ئەو دووبەرەکییە دەژین و کەسانێکن ساویلکانە دەگەڕێن بەدوای ئاشتکردنەوەی ئەو دوو جەمسەرەدا، بەڕاستی ئێمە کەسانێکی دۆڕاوین لەو مەسەلەیەدا، جیهان بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوا کە رێمان پێنادا بەئاسایی ژیانی خۆمان بژین، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین رۆژ بەڕۆژ شێتگیرتر دەبێ، جیهانێك ئاڕاستەی لەدەستداوەو گومڕایە.

***دەبێ پرسیارت لێبکەم سەبارەت بەوەی لە ئەترافەکانی پاریس و شارە گەورەکانی تری فەرەنسا روویدا، رەهەندەکانی ئەو رووداوە چۆن دەبینی؟ رات چییە بەرامبەر دابەشبوونی رووناکبیرانی فەرەنسا لەئاست ئەو مەسەلەیەدا؟**

–دەتوانین لە دوو گۆشەنیگاوە ئەو دیاردەیە بخوێنینەوە: گۆشەنیگایەکی فەرەنسیانەو گۆشەنیگایەکی فراوانتر لەلایەنە فەرەنسییەکەیەوە، ئەو دیاردەیە سەر بە کێشەکانی ئەترافە کە پشتگوێ خراوە، بەدەست بێکاری و وێڵکردنەوە دەناڵێنێ.. جگە لەو جیاکارییەی رۆڵەکانی ئەو ناوچانە، کە

هەستیپێدەکەن. ئەگەر هاوڵاتییەکە ناوێکی عەرەبی یان ئیسلامیی هەبوو زەحمەتییەکی زۆر دەبینیٚ تا خانوویەکی بەکریٚ یا کارێك دەدۆزێتەوە، فەرەنسییەکان هەموویان ئەم شتانە دەزانن، بەڵام نەیاندەزانی دەگاتە چ ئاستێك و چیی لێدەکەوێتەوە، ئەمە لایەنە فەرەنساییەکەی، ناشزانم دەوڵەت کاری پێویست دەکا یان نا، دیارە دەبێت پارەیەکی زۆر سەرف بکریٚ بۆ ئەوەی چیتر ئەو گەڕەکانە بە دابڕاوی و پەراوێزخراوی و هەژاری نەمێننەوە. دەبیٚ ئەو جیاکارییە نەمێنیٚ لەنێوان کۆچبەرەکان و دانیشتواندا، ئەمەش زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە پێداگرتنێك هەبیٚ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.. بەڵام ئەوەش بیست ساڵی تری دەویٚ. دڵنیاش نیم لەوەی بڕیاری تەواو لەوبارەیەوە درابێت. دیارە ئەگەر ئەوەی روویدا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ئیجابی یان هیچ نەبیٚ کەمتر دوژمنکارانەو هێرشبەرانەدا بووایە لەنێو ئەو دوو جیهانەدا، فەرەنسییەکان و کۆچبەران، چارەسەرەکە ئاسانتر دەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان ئەو کەشە جیهانییە نائارامەو لەنێوان کۆچبەرە موسڵمان و ئەفەریقییەکاندا، ئاشکراشە کە دژایەتییەك هەیە لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا، جگە لەو دوژمنایەتییەی نێوانیان و تێڕوانینی هەریەکەیان بۆ ئەوی تریان سلبی و دوژمنکارانەیە.

***ئەم هەستکردنە بە جیاوازی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا ئەوان بانگەشە بۆ دیالۆگ و دانپیانان بەوی تردا دەکەن؟**

–لەو باوەڕەدام بەدحاڵیبوون و خراپ مامەڵەکردنێك هەیە لەئاست ئەو دیاردەیەدا، هەندیٚ پرۆژەی نموونەیی لە هەندیٚ گەڕەکدا کرا، کە تاڕادەیەك تێکەڵن و کێشەشی بەخۆیەوە نەدیوە، لەبەر ئەوەی تێکەڵیی تیایەو ژیان و شوێنی گشتیشی هەیە، بەڵام کاتێك دەوڵەت هەزار کەس دەخاتە گەڕەکێکی تەسکەوە، ئیتر جەوەکە ئیجابی نابیٚ، بەڵکو ئەو جەوە هانی بێئومێدی و رەشبینی و یاخیبوون دەدات. ئەم کێشانەش لە هەموو ئەوروپادا هەیە، کە کەمایەتییە کۆچبەرەکان لە هەندیٚ گەڕەکدا کۆدەبنەوە، کە بەسەر خۆیانا داخراوەن.


**<u>سەرچاوە:</u>**

**الحیاه- مارتی 2006، باریس، عبده وازن.**


